




پیداچوونەوەیەک بە  پێداچوونەوەی دەقی وەرگێردراوی

کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

و

هەزاران تەزویری مەلا عەبدولا حەسەزادە لەو پێداچوونەوەیەدا




٩


مافناس - حەسەن ئەیوبزادە


## کورتەیەکی رابردووی ئەو  بابەتە

کارۆل پرۆن هۆیێر رۆژنامەنووسێکی وێنۆزۆئێلاییە و کتێبێکی  بە ناوی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لە ٢٠٠٨ بە زمانی سپانیۆلیی نووسیوە ولە کاراکاس چاپی کردووە. ئەو نووسەرە ساڵێک دواترخۆی ئەو کتێبەی وەرگێراوەتە سەر زمانی ئینگلیزیی ولە 12/30/09لە ئەمریکا چاپ کراوە.

ئەو کتێبە  کە گەیشتووەتە کوردستان، لەلایەن مامۆستا فتاح کاویان، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی  بەرێی حدکاوە گوایە: لە" ٢٠٠٩"  کراوە بە کوردیی. بە گوێرەی پێشەکیی‌یەکەی ئەوکتێبە  مەلا عەبدوللا حەسەنزادە ، بێ ئەوە ئەلف و بێی زمانی ئینگلیزیی زانیبێ خۆی کردووە بە ئێدیتۆری ئەو وەرگێردراوەی کاویان  و  بە ناو پێیداچووەتەوە. ناوبراو لەو بەناو "پێداچوونەوەیەدا بە هەزاران تەزویری تیبدا کردووە. تەزویرەکان لەو پێداچوونەوەیەدا لە وشەی یەکەمی ئەو کتێبەوە دەستی پێکردووە و تاخر لاپەرەی کتێبەکە، بێجگە لەچەند بەشێک کە باسی تێرۆری د.قاسملوو، ناوی تێرۆریستەکان، بریاردەران،  هاوکارەکوردەکانی تێرۆریستانیان تێدا نەبووە تەزویری کراون. بروانە ناوی راستەقینەی کتێبی " خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان" لە سەربەرگی دەقە ئینگلیزییەکەدا (دەستی چەپ) و ناوە  تەزوریی‌یەکەی لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا  بە دەقەکوردیی‌یەکەی کاویان‌دالە  وێنەی دەستی راست"دا.


دەقی ئینگلیزیی کتێبەکە  لە  ٣٠دێسامبری ٢٠٠٩ لە ئەمریکا چاپ کراوە. بەلام حەسەنزادە  بەگوێرەی ئەم دوو کلێشەیە کە لەخوارەوە خراونەتە بەرچاو، بۆ جاری یەکەم  لە ژوئیەی ٢٠٠٩ ئەو دەقەکوردیی‌یە تەزویرکراوەی لە هەولێر چاپ کردووە! واتە پێنج مانگ زوتر لە چاپی دەقە ئینگلیزیی‌یەکە کتێبە تەزویرکراوەکەی لە باشوری کوردستان خوێندراوەتەوە.باس کردن لە تەزویری پشت بەرگی کتێبەکە هەلدەگرین بۆ دەرفەتێکی دیکە!


The Passion and Death of
**Ghassemlou, the Kurd**
Author:
Carol Prunhuber
Translated by:
Fattah Kavian
Editor:
Abdulla Hassan-zaddeh
kudistan 2006


ناوی کتێب: خولیاو مەرگی قاسملووی کوردان
نووسەر: کارۆڵ پرووونهووبێر
وەرگێر: فەتاح کاویان
پێداچوونەوە: عەبدوڵلا حەسەنزادە
وێنەکان: کارۆڵ پرووونهووبێر، رۆجێر پرووونهووبێر
بەرگ و دیزاینی ناوەوە: ئاگری باڵەکی
تایپیست: عەبدوڵلا سەیدا
چاپخانە: رۆژهەلات - هەولێر
چاپی یەکەم - هەولێر ژووئیەی٢٠٠٩
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە (٦٦٦)ی سالی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ

..........................................

بەبێ ئیزنی کارۆڵ پرووونهووبێر (نووسەر)و ئیدیتۆریاڵ ئالفا (بلاوکەرەوەی یەکەم لە کاراکاس) هیچکەس بۆی نیە هەموو یان بەشێکی ئەم کتێبە چاپ بکا یان هەر جۆرە کەلکێکی دیکەی لێ وەربگرێ.



ISBN: 978-1-4401-7816-0 (sc)
ISBN: 978-1-4401-7815-3 (ebook)
ISBN: 978-1-4401-7814-6 (dj)

Printed in the United States of America

iUniverse rev. date: 12/30/09

Revision and expansion of a first edition published in Spanish by Alfa Editores, Caracas, Venezuela, 2008, under the title Pasión y Muerte de Rahmán el Kurdo: Soñando el Kurdistán


بروانــە رێکــەوتی دەقــی ســپانیۆلی کتێبەکــە لــە٢٠٠٨ و دەقـی ئینگلیزیــی کتێبــی خولیــاو مــەرگی رەحمــانی کــورد خولیای کوردستان 12/30/09 بووە.

بـەو جـۆرە کـە حەســەنزادە رایگەیانــدووە رێکــەوتی چــاپی یەکــەمی دەقەکوردییــە تەزویرکراوەکــەی خــۆی دوو ســاڵ بـەر لـە دەقـە سـپانیۆلییەکە و سێ‌ســاڵ بــەر لــە دەقــە ئینگلیزییەکە لەهەولێر بووە!

ناوی تەزویرکراوی کتێبەکەی کارۆل پرۆن هۆبێر

١- ئـەو کتێبـە، بـە نـاوی تـەزویرکراوی " خولیـاو مـەرگی قاسـملووی کـوردان "لـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتیی کتێبخانـەکان لـە ژوئیـەی ٢٠٠٩ تـاپۆ کـراوە، واتـە پێـنج مانـگ بەرلـەوە کـە بـە زمـانی ئینگلیزیـی چـاپ کرابـێ کـراوە بـە کـوردیی ! رێکـەوتی یەکەمی چاپی دەقە ئینگلیزییەکەی لە ئەمریکا دێسامبری ٢٠٠٩ بووە.

٢-نـاوی کتێبەکـە لـە دەقـە ئینگلیزییەکـەدا : خولیـاو مـەرگی رەحمـانی کـورد خولیـای کوردسـتان بـووە. ئێـدیتۆر نـاوی کتێبەکـەی جارێـک کـردووە بـە قاسـملووی کـرد و جـارێکی دیکـە کردوویـە بـە "قاسـملووی کـوردان" و گوڵوشـەکانی "خولیـای کوردسـتان"ی قرتانـدوون و لـە ئـاخر لاپـەرەی کتێبەکـەدا ناوی‌کتێبەکـە بـە " خولیـاو مـەرگی" قاسـملووی کـورد نووسراوە و رێکەوتی چاپ کردنەکەی ئەو دەقە تەزویرییەیە ساڵی " 2006 لە " کوردستان" راگەیەندراوە.

"ئێـدیتۆری تـەزویریی " عینـوان یـان سـەرناوە بـۆ کەسـێک کـە سـەڵاحییەتی ئێـدیتۆریی نـەبێ و خـۆی لـەوکارە هەڵقوتانـدبێ. مـەلای نەخوێنـدەواری سیاسـیی کـورد بـەو پێیـە کـە رایگەیانـدووە لەمـەولا دەتـوانی بێتـە ئێـدیتۆری کتێبگەلێ کە بە زمانی چینیی، روسیی، ڤیتنامیی، فەرەنسیی ، سپانیۆلیی،ئالمانیی... نووسرابن.

مەبەسـتەکانی ئێـدیتۆر بـۆ پێداچوونـەوەی ئـەو کتێبـە، ١- سیاسـیی، ٢-جینـایی ٣-مـاڵیی بـووە. ئـەو سـەرناوانە : ١- چەواشـەکردنی واقعییـەتی تێرۆرەکـان ٢-، پاکانـە کـردن بـۆ تێرۆریسـتەکانی کـۆژەری رێبـەرانی کـورد لـە ئالمـان و بـرلین و تێـرۆری سـەدان ئەنـدامی حـدکا لـە باشـورو رۆژهـەلاتی کوردسـتان ٣- جیرەوەرگریـی و هاوکـاریی کردنـی تێرۆریسـتەکانی سەر بە زانیاریی ینک و ئیتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ پاراستنی خۆی لە تێرۆر لە خۆ دەگرن.

تـەزویرەکان **لـە پێداچوونـەوە** کـەی‌دا دەیسـەلمێنن کـە حەسـەنزادە بـە پیلانـی خـۆی و نەخشـە رێگـای تالـەبانیی و دەسیسـەی محمـد جعفـرێ صـحرارودی، تاوانبـار بـە کوشـتنی د.قاسـملوو عەبـدوللا قـادریی ئـازەر سـێ مانـگ و دەرۆژ دوای تێـرۆری د.شـەرەفکەندیی لـە بـرلین(١٨ ژوئیـەی ١٩٩٣) حـدکای لـە قەندیلـەوە بـۆ قژلـی پەنابـەریی تالـەبانیی لـە کۆیـە راداوە و بـووە بـە هاوکـاری زانیـاریی ینـک و دەزگـای ئیتیلاعـاتیی سـپای پاسـداران بـە سەرپەرشـتیی محمـد جعفـری صحرارودی، سەرۆکی دەفتەری سەرەکیی ئیتیلاعاتی سپای پاسداران لە یاخسەمەر.[1]

یاخسـەمەر گونـدێکی چـۆڵکراوی سەرسـنوری رۆژهـەلات و باشـوری کوردسـتان، ناوەنـدی دەفتـەری ینـک و شـوێنی ژینـی تالـەبانیی و بنەماڵەکـەی بـوو. ئـەو گونـدە لـە ٥-١٠ کیلـۆمیتریی دەفتـەری سیاسـیی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران لە گەورە دێ بوو. گەورەدێ لە نێوان زنجیرەکێوەکانی ژیلوان و زنجیرە چیای داوێنی پیشتی گۆجار بوو.

دوای رێکـەوتنی مـانگی دەی ١٩٨٦ی تالـەبانیی و پاسـدارێکی تێرۆریسـت،لە مـافیۆزە شـیرازییەکانی سـپای پاسـداران بـە نـاوی بـاقری ذوالقدر،لـە تـاران [2] ، تـەنزیمی ینـک کـرا بـە بەشـێک لـە ئیتیلاعـاتی سـپای پاسـداران[3]. صـحرارودی بـە نـاوی سـەرۆکی دەفتـەری سـەرەکیی ئێـران هێنرایـە یاخسـەمەر ( ناونـدی ینـک و شـوێنی ژیـان و دەفتـەری کـاری تالـەبانیی لـە چەنـد کیلـۆمیتریی دەفتـەری سیاسـیی حـدکا لـە گـەورەدێ) و لـە وێ جێگیرکـرا. بروانـە لاپـەرەی ١٠٥ "کتێبـی خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا " سـالی چـاپ ١٩٩٩ لـە ئاڵمـان، نووسـینی نەوشـیروان مصـطفی، کەسـایەتیی سیاسـیی ژمـارە٢ی یـەکێتیی نیشتمانیی بەر لە جیابوونەوەی ناوبراو لەو تەنزیمەکەی.

مـەلا عەبـدوللا بـە پێـی تـەزویرەکانی خـۆی لـەو پێداچوونەوەیـەدا نیشـانی‌داوە کـە ئـەویش ئـاڵوگۆڕێکی تونـد و وەرچـەرخانێکی سیاسـیی سـەت و هەشـتادەرەجەیی بـەرەو ئیتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و صـحرارودی و تالـەبانیی و

1_ خولانەوە لە ناوبازنەدا لاپەرە ١٠٥

2 خولانەوە لە ناوبازنەدا ، نووسینی نەوشیروان مصطفی – چاپی ١٩٩٩ برلین، لاپەرەکانی ١٠٥ و ١٠٦-

3 _خولانەوە لە ناو بازنەدا

تەنزیمەکەی تێدا ا پێک هاتبوو. ئەو وەرچەرخانە دوای جیابوونەوەی "ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر" شکلی گرتبوو. هاوکاریی مەلا عەبدوللا لەگەل وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ڕژیم لە تاران بە ڕادەیەک بووە کە عەلی فلاحیان بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی ئەو پێوەندیی‌یەی لە قاو داوە. بڕوانە وتەکانی هانس یواخیم ئێریک، وەکیلی بنەماڵەی فەتاح عەبدولی، لە ئاخر دیفاع لە پەروەندەکەی میکونوسدا! دواتر وێنەی دەقەکە بە زمانی ئاڵمانیی لە ئاخر دیفاعی ناوبراو لە پەروەندەی تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە دادگای میکۆنۆس و وەرگێر دراوەکەی بە کوردیی نیشاندەدرێ. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

یەکگرتوویی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران تا ئەمرۆ بە هێزتر لە ڕابردوو بەردەوامە. پێویستە ئاماژەی پێبکەین کە ئەو یەکگرتوویی‌یەی ینک و لایەنەکەی ئیتتیلاعاتیی بووە نە سیاسیی. واتە تەنزیمی ینک پێوەندیی‌یەکی سیاسیی بە دەولەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە نی‌یە و ناتوانێ بیبێ. بڕوانە پەیماننامەی 1969 ڤییەن. دەوڵەتان تەنیا دەتوانن لەگەل دەولەتان پێوەندیی سیاسیی، نیزامیی و بازرگانیی دامەزرێنن.

دوو ڕێکەوتنی دیکەش بۆ پتەو کردنی ئەو بڕیارەی تالەبانیی و پێنجکەس لە ئەندامانی وەفدەکەی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ئیمزا کراون کە بە ڕێکەوتنی ١٩٩٤ و کۆنووسی کۆبوونەوەی دەزگای زانیاریی و ئیتتیلاعات لە ١٩٩٥/٦/١ ناونراون. [4] ئەوانەش نهێنیی و نە قانوونیی و ئیتتیلاعاتیی بوون نە سیاسیی.

مەلا عەبدوللای حەسەنزادە لە ١٨ ژوئیەی ١٩٩٣(سێ مانگ دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی) بە پلانی تالەبانیی و صحرارودی یاغیی لە حدکا( سەرەرۆیانە) و بێ ئەوە پرسەگورگانەیەکی بە سکرتێر و ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حدکا ( مصطفی هجری و حەسەن شەرەفیی و...) کردبێ، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی وەکو کۆیلە رادا و بە جەلال تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارنی ژێردەسەلاتی ئەو دوو کەسە فرۆشت. مەلا عەبدوللا لەو سات و سەودایە و لە و وەرچەرخانە ئیتتیلاعاتیی‌یەدا بوو بە کارگێڕێکی ئیتتیلاعاتیی سپاو زانیاریی ینک و کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان هێنا.

حەسەنزادە تاوانی ئەو خەیانەتە گەورەو بێوێنەیەی خۆی کە ئاشبەتال و کوشتاری سەدان ئەندامی حدکا و کۆتایی هێنان بە بزوتنەوەی ڕزگارییخوازی گەلی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لێکەوتەوە بە کاری سەرۆکی پارتی دێموکراتی کوردستان، سەرۆک بارزانیی ڕاگەیاندووە. بڕوانە کتێبی " جنبش ملت کرد و خواست استقلال، نووسینی کریس کۆچێرا لاپەرەی ٢٨٦ تەرجەمەی عزیز ماملی ئاوریلی ٢٠٠٠ کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی نەیان زانیبوو کە دەبیرخانەکەی دەفتەری سیاسیی حدکا "کارگەی جاسوس و درۆزنان بووە. لایەنگریی حەسەنزادە لە تێرۆریستەکانی قاتلی د. قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لە کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کورددا ئەو واقعییەتە دەخەنە ڕوو کە ناوبراو هاوکارێکی باوەڕپێکراوی ئیتتیلاعاتی سپاو زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی‌بووە. ئێستاش ئەو دەورەی خۆی درێژە پێدەدا. مەلا عەبدوللا لەمەر تێرۆری ئەندامانی حدکا لە باشوری کوردستان تۆمەتبار بە هاودەستیی‌کردنی تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی‌یە. بڕوانە دوو جینایەت، دوو دادگە و دوو قەرار، لە سایتی ڕۆژی کورد ئینفۆ وئارشیوی سایتی پێشمەرگەکان و ئارشیوی سایتی هەڵوێستدا !

جینایەتی تێرۆری منصور فتاحی و بریندارکردنی سێ هاوڕێکەی لە نزیک شارۆچکەی دوکان و گوللەبارانکردنی سەید منصور ناصری، سامان اسمعیل زادە، یداللە شیرین‌سخن و رفعت حسینیی لە دەروازەی کۆیە بە بڕیارێ ئەندامێکی سەرکردایەتیی ینک، بە ئاگاداریی مەلا عەبدوللا بووە. زانیاریی پێویست لەسەر تێرۆرکراوەکانو ڕزگاربوونیان لە تێرۆر لە کەمینی نزیک بە شارۆچکەی دوکان،لە دەفتەری کاری مەلا عەبدوللاو لەلایەن هاودەستەکەی ( ئازاد کوری عەلی بالە )وە درابوو بە تێرۆریستەکان. ئاشکرابوونی دەوری موشاویرەکەی مەلا عەبدوللا لەوجینایەتەدا، دەوری سەرەکیی مەلا عەبدوللای لە هاوکاریی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک ئاشکراکردبوو. لە واقیعدا ئازاد گومانلێکراوی دەرەجە دووهەمی ئەو جینایەتە بووە.

سات و سەودای مەلا عەبدوللا و تیمەکەی لەگەل تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپا ئەوکاتە ئاشکراتر کەوتە ڕوو کە تەزوێرەکانی لە کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کورددا بڵاو بوونەوە.

تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا لەو پێداچوونەوەیەدا یەکەم تەزویری مەلا عەبدوللا نەبوون. پێشتریش ئەو کابرایە خۆی کردبوو بە ڕێنوێنی خوێندکارێکی کۆیە و کلاوی نابووە سەر چوار مامۆستای زانکۆو لە ژێر سەرناوی "دەوری د.قاسملوو لە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان" تەزویرنامەیەکی بە زمانی ئەو خوێندکارەوە نووسیبوو.

---

4 کۆنووسی کۆبوونەوەی ١٩٩٥/٦/1 دەزگای زانیاریی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران-

مامۆستا بێواز و ناشارەزاکانی بەرپرسی ئەو" قوتابخانە سەرەتایی‌یە" کە بە زانستگە ناونراوە، بێ ئەوە دێرێکیان لەو تەزویرنامەیە و سەرچاوەکانی خوێندبێتەوە ئەو شەتەحاتەیان بە کارێکی زانستیی و سەرکەوتوو بۆ مەلا عەبدوللا ئیمزا کردبوو. مەلا عەبدوللا بەو تەزویرە کە کردبووی ئەو چوار کەسەی لە خشتە بردبوو. ئەوانە بۆیان ئیمزا کردبوو کە گوایە :" د.قاسملوو بۆ وەرگرتنی ئەماننامە چووبووە وتووێژی تێرۆریستەکان". ئەوکارە تەزویریی یەی مەلا عەبدوللا لەژێر سەرناوی" تێرۆری گیان و ئەندیشە" لە پێنج بەشدا لەقاودرا. مامۆستا فریودراوەکان متەقیان لێنەهات و مەلا عەبدوللاش لەو تەزویرو ناراستیی‌یە ی دیفاعێکی بۆ نەکرا. بروانە سایتی رۆژی کورد ئینفۆ و سایتگەلی پێشمەرگەکان و هەلوێست!

تەزویرەکانی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد دەیسەلمێنن کە هاوکاریی مەلا عەبدوللا، زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و محمدجعفری صحرارودی ناسراو بە برادەر رەحیمیی، رەفیق ئەمیر بێ سنوور بووە.

بەلگەی هاوکاریی مەلا عەبدوللاو دەزگای سیخوریی سپای پاسداران لەو پێداچوونەوەیەدا بەهێزو سەلمێنەرن. مەلا عەبدوللا نەدەتوانێ حاشا لەو تەزویرانەی بکا و نە دەتوانێ دێرێک بۆ رەت کردنەوەی ئەو ریسوایی‌یەی خۆی و هاودەستەکانی بنووسێ و نە دەتوانێ ئەو تەزویرانە بە کاری وەرگێری کتێبەکە (فتاح کاویان) رابگەیەنێ. هەرئیددیعایەکی کە ناو براو لەو بابەتەدا بیکا دەبێ پشت ئەستور بە نیشان‌دانی بەڵگە بێ.

ئەو تەزویرانەی کە مەلا عەبدوللا لەو پێداچوونەوەیەدا کردوونی بۆ دادگە بەڵگە و ئەمارەی دادوەریی مەحکەمە پەسندن . ئەو کتێبە لە واقیع دا کەتن‌نامەیە و دانپێدانانی مەلا عەبدوللا بە تاوانی هاودەستیی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و هاوکاریی کردنی لەگەل تێرۆریستەکان بۆ ئاشبەتاڵ کردن بە حدکا دەسەلمێنێ. ئەوکتێبە ریسوایی‌نامەی مەلا عەبدوللاو هاوکارەکانێتی. هاوفکران وبەسیجیی‌یەکانی مەلا عەبدوللا ناتوانن لەو تاوانانەدا کە مەلا کردوونی و لە ئابرووچوونەدا کە ئاشکرا بوون خۆیان بکەنە شەرێک و پشتیوانیی لێبکەن.

تێکەلاویی زانیاریی ینک و سپای پاسداران + مەلا عەبدوللا لەو سەرچاوانەدا بخوێنەوە.


١- کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی، لاپەرەکانی ١٠٢- ١١٤ و سەرجەمی ئەوکتێبە ! کرتە بکە بۆ ئێرە و Ctrl دابگرە!

٢- دەقی پێگەیشتنی وەفدی تالەبانیی و ئێران لە ئابی ١٩٩٤ بەڵگەنامەی ژمارە٣٥ لاپەرەی٢٩٨ و ٢٩٩ کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی‌عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی بەرپرسیارە. ئەو دەقە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە. وەرگێردراوەکەی باس لە رێکەوتنی ینکو ئێران دەکا. ئەو بە ناو رێکەوتنە ئیمزای نوێنەری دەولەتی ئێرانی پێوە نی‌یە. وەکو هەموو رێکەوتنەکانی دیکەی تالەبانیی ئەوەش رێکەوتنێکی نەقانوونیی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بووە. هیچ زەمانەتێکی دەولەتیی بۆ ئەو رێکەوتنە کە ئیلزاماتەکەی یەک لایەنە بووە لە ئارادا نەبووە. بەندی یەک و حەوتی ئەو رێکەوتنە گرنگن کە بریتین لە:

ینک پێش بە تێکۆشانی دژبەرانی ئێرانیی دەگرێ. شوێنی تەفتیش و پشکنین دادەنێ و خەرجەکەش ئێران دەیدا. سەفەری کادرەکانی ینک لە رێگەی ئێرانەوە بۆ دەرەوە رێگە دەدرێ و نووسەر و کادری رادیۆ و تەلەفیزیۆنی‌یان بۆ پەروەدرە دەکرێ ... بەلگەنامەی ژمارە ٦٣ کۆنووسی کۆبوونەوەی اطلاعات باس لەوە دەکا کە لە ١٩٩٥/٦/١ دا هەیئەتێکی دەزگای زانیاریی سەردانی تارانی کردووە و ١٥ رۆژ لە وێ ماوەتەوە و رێکەوتنامەیەکی لە گەڵ ئیتتیلاعات مۆر کردووە. لێرەدا ئەو رێکەوتننامەیە بخوێنەوە کرتە بۆ ئێرە ١ ئێرە ٢ و ئێرە ٣ و ئێرە ٤ بکە و Ctrl دابگرە!

کردنەوەی ناوەندی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە شاری سولەیمانیی گرنگترین بەندی ئەو رێکەوتنەیە لە جیهاندا بێ وێنەیە. سەرۆکی بەشێک لە بزووتنە یەکی ئازادییخوازی نەتەوەیی بۆ بەربەرەکانی لەگەل دەولەتێکی داگیرکەر دەزگای سیخوریی دەوڵەتێکی دیکەی داگیرکەری کوردستان بێنێتە سەرخاکی ولاتەکەی و بۆ کوشتن و قەلاچۆکردنی دژبەرانی هاوکاریی بکا!

مەلا عەبدوللا کاری سیخوریی بۆ ئەو دوو دەزگایەکردووە. با ئەندامانی بەرێوەبەریی تەنزیمە تەزویریی‌یەکەی "حدک" داوالەمەلا عەبدوللا بکەن ئەوبەشە بە عەرەبیی نووسراوە یان بۆ بکا بە کوردیی‌یەکی پاراو !


عەبدوڵڵای حەسەن زادە

**ئەو برادەرانە هەمیشە ئێمەیان بە خیانەتکار زانیوە، وتویانە لە ناوچەی سلێمانی ٣٠٠ کەس کوژراوە هەمووی بەدەسیسەی عەبدوڵڵای حەسەن زادەو جەلال تاڵەبانی بووە**

دیداری سۆران پاڵانی
فۆتۆ : هێمن

دواجار حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەتوو، باڵەکانی ناو ئەو حزبە گەیشتنە ئەو بڕوایە کە چیتر ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن و بۆیە هەر باڵێکیان لەژێر چەتری حزبێکی نوێدا خۆی سازدایەوە. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ڕێبەری پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرۆکایەتی باڵی نەیاری دەکردو سەرەنجام باڵەکەی حەسەن زادە بووە باڵێکی جیا لە حزبی دیموکرات.
لە یەکەم دیداریدا دوای جیابوونەوەی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە ئەوەی لەژێر بەرەیە دەربارەی لەبەریەکترازانی حیزبی دیموکرات دەیخاتە سەر بەرە.

تـەزویرەکان سـەرناوو عینـوانی جۆراوجۆریـان هەیـە. مـەلا عەبـدوللا جیـا لـە تـاوانی سـیخوریی و جاسوسـیی بـۆ ئیتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و زانیـاریی ینـک، تۆمـەتبارە بـە پاکانـەکردن بـۆ تێرۆریسـتەکان وهاوکـاریی کردنـی دوژمـن بـۆ تونـاکردنی بزوتنـەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان.

ئـەو چیرۆکـە تالـە لـە زمـانی عەبـدوللا حیـاکیی یـەوە لـە وتـووێژی خـۆی و گۆڤـاری لڤـین لـە مـانگی فێبـرواری ٢٠٠٧ لـە ژمارە ٤٩ی ئـەو گۆڤارەدا بخوێنەوە!

مەلا عەبدوللاو لە قاودانی خۆی و تالەبانیی

مـەلا عەبـدوللا بـە پشـتیوانیی ئیتیلاعـاتی سـپای پاسـداران بـێ منـەت لـە خـەلکی کـورد ە و گاڵتـە بـە برادەرەکـانی دەکـا و دەڵـی : "ئـەو برادەرانـە هەمیشـە ئێمـەیان بـە خەیانـەتکار زانیـوە، وتویانـە لـە ناوچـەی سـلێمانی ٣٠٠ کـەس کـوژراوە و هـەمووی بـە دەسیسـەی عەبـدوللای حەسـەنزادە و جـەلال تالـەبانی بـووە" .وتـووێژی مـەلا عەبـدوللا حەسـەنزادە لـە گـەل لڤـین ژمـارە ٤٩ فێـبرواری ٢٠٠٧بـۆ زانیاریی زیاتر . کرتە بۆ ئێرە و ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl داگرە!

تـەزویرەکانی مـەلا دەیسـەلمێنن کـە ئیـدیعای برادەرەکـانی راسـتن. ئەمامۆسـتایە بـەو وتانـەی خـۆی نـە هـەر تاوانـەکانی خـۆی لـەقاوداوە بەلکو پەروەندەیەکی مێژوویی بۆ تاوانبارکردنی تالەبانییش کردووەتەوە.

"حـەیاکیی" نەینووسـیوە کـە ئـەو برادەرانـەی ئـەو کـێن؟ نـاوێرێ نـاوی هاوکـارە ئاگادارەکـانی لـەو خەیانـەت و جینایەتـە ئیـدیعاکراوەدا ئاشـکرا بکـا. وادیـارە رێکـەوتنێکی نهینیـی لـە نێوانیـاندا هەیـە. هـەر بـەوجۆرە کـە نـاوێرێ نـاوی ئـەو ئەندامـەی سـەرکردایەتیی ینـک بـدرکێنێ کـە بریـاری گوللەبـاران کردنـی سـەید مەنسـور ناسـریی، سـامان ئیسـماعیلزادە، یـدوللا شـیرین سـوخەن و رەفعـەت حوسـەینی دابـوو و هـەرچواریان لـە دەروازەی کۆیـە گوللەبـاران کـران. مـەلا بـۆ شـاردنەوەی تاوانی ئەو تاوانبارەی سەرکردایەتیی ینک ئەوەی پێویست بووە کردوویە:

١- تـەرمی کوژراوەکـانی شـاردبۆوە٢ - پێشـی بـە لێکۆلینـەوەی پـۆلیس و داوەرانـی لێکۆلینـەوە گرتبـوو. ٣- حازرنـەبووە پێشـنیاری پێکهێنـانی کومیتەیـەک بـۆ روون کردنـەوەی ئـەو جینایەتـە لـە تالـەبانیی قبـوول بکـا ٤- رێگـەی نـەدا بـوو ئەنـدامێکی نوێنـەری حـدک لـەو بەناو دادگـە یـە کـە سـالێک دواتـر بـۆ روون کردنـەوەی ئـەو جینایەتـە پێـک هـاتبوو بەشـداریی ئـەو نومایشـە بکـا ٥- ئاخرسـەر حـازر نـەبـوو نـاوی ئـەو تاوانبـارە کـە بریـاری ئـەو جینایەتـەی دابـوو بـە خـاتو مـەنال هـاوژینی سەید منصور ناصریی و کچە تاقانەکەی رابگەیەنێ.

مـەلا عەبـدوللا بـۆ تێـرۆری رێبـەرانی حـدکا( د.قاسـملوو و شـەرەفکەندیی) هاوکـاییی ئیتیلاعـاتی سـپای پاسـدارانی کـردووە. دوای تێرۆرەکـانیش بـۆ شـاردنەوەی واقعییـەت هـەموو هـەوڵێکی داوە. لـە واقیـع دا ئـەو کابرایـە، زەمینـە خـولقێنی سـەرجەمی ئـەو جینایەتانـە بـووە کـە لـە باشـورو رۆژهـەلاتی کوردسـتان دژ بـە ئەنـدامانی حـدکا ورێبـەرانی تێـرۆر کـراوی بەرێوەچوون.

مـەلا عەبـدوللا لـەو وتووێژەیدا،راگەیانـدنی تـاوانی خـۆی و تالـەبانی بـە کوشـتنی ٣٠٠ ئەنـدامی حـدکا بـە بوختـاندەزانێ. بـەلام خـۆی و تالـەبانیی بـۆ ئـەو "بوختانـە" بێدەنگـەیان لێکـردووە. نـە سـکاڵایان لێکـردوون و نـە راویـان نـاون و نـە لـە قـەوەزی ئـاژەلاندا وەکـو جـاری گـۆرین ویسـتوویانە بـەرەو ئاغـەڵان راویـان بنـێن یـان لـە شـارو گونـدەکانی رۆژهـەڵات نومایشیان بدەن.

بـە وتـەی مـەلا ئەگـەر ئـەوە بوختـان بـووە واقعییەتەکـە چیـیـە و دەوری مصـطفی هجـری و هاوکارەکـانی لـەو جینایەتانـە و تواندنـەوەی حـدکادا چـێ بـووە و کـێ زەمینـە خـولقێنی ئـەو هـەموو جینایەتـە و هاوکـاریی یـە لەگـەل ئیتییلاعـات بـۆ تێـرۆری د.قاسـملوو د.شـەرەفکەندیی و ئـەو سـەدان تێرۆرکـراوە لـە باشـوری کوردسـتان و تیمـە چەنـد کەسـیـیە کـان بـووە کـە بـە ئاگاداریی ئیتیلاعات و ینک ناردرابوونەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان؟ !

## کوشتاری ئەندامانی حدکا لە باشوری کوردستان و مەلا عەبدوللا حەییاکیی

ئەو کاتە کە مەلا عەبدوللا بە ئامۆژگاریی تالەبانیی و ئەحەمەدی نژاد بۆ پشتیوانیی کردن لە دوو "لەتکردن"ی حدکاو دەستبەسەرداگرتنی سامانەکەی لە ٢٠١٣هاتە ئوروپا، هاتە مالی نووسەری ئەم دێرانە.

لە مەلا عەبدوللا،لەمەر تێرۆری سەدان تێرۆرکراوی حدکا پرسیارم لێکرد. ناوبراو تورەبوو و گوتی: نازانم بۆچی دەچمە هەرجێیەک ئەو پرسیارەم لێدەکەن." چەندجار دووپاتی بکەمەوە کە "تالەبانیی " ٤٦ کادیری" خۆی " لەسەر ئەو تێرۆرکراوانەی حدکا ئێعدام کردووە". مەلا عەبدوللا ناراستەوخۆ و بێ ئەوەبزانێ مانای وتەکانی دانپێدانانە بە کوشتاری ئەندامانی حدکا بە پلانی تالەبانیی و تەنزیمە کەیی، واقعییەتەکەی هاوارکرد. بە خەیاڵ تاوانەکانی لەملی خۆی دامالی و تالەبانیی و تەنزیمەکەی بەو سەدان تێرۆرەی حدکا لە باشوری کوردستان تۆمەتبارکرد.

پێم گوت: مامۆستا دەکرێ ناوی سێکەس لەو ئێعدامکراوانەی ینک بڵێی کە تالەبانیی ئێعدامی کردوون؟ مەلا تفی لە زاریدا ئیشک بوو. درۆکەی بۆ پینەنەکرا و کتوپر گوتی : ینک چۆن دەوێرێ شتی وا رابگەیەنێ! پێم گوت دەوێری ئێعدامیان بکا بەلام ناوێرێ ناوەکانیان رابگەیەنێ؟

ئەوباسەم بۆ مامۆستا جەلیل گادانیی دۆستی نزیکی مەلا عەبدوللاو تالەبانیی گێرایەوە و راست و درۆبوونی ئەو ئیددیعایەی مەلا عەبدوللام لێپرسی. ناوبراو وتەکەی مەلا عەبدوللای بەدرۆ زانی و گوتی: کەی؟ لە کوێ ؟ چۆن؟ نەخەیر شتی وانییە. ئەو باسە پێشتریش بلاو کراوەتەوە و مەلا عەبدوللاو تالەبانیی بەلایدا تێنەپەڕیون.

پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا و هەزاران تەزویرەکەی دەیسەلمێنن کە تاوانبار کردنی مەلا عەبدوللا لە لایەن برادەرەکانیەوە بە "خەیانەتی کوشتاری ئەندامانی حدکا، بە هاوکاریی تەنزیمەکەی تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران" لە واقعییەت بە دوور نەبووە.

بە "خەیانەتکار" ناودێرکردنی مەلا عەبدوللا دور لە واقعییەت نەبووە، چونکە عەلی فلاحیان وەزیری ئیتتیلاعاتی رژیم لە ٣٠ ئۆگوستی ١٩٩٢ بەر لە تێرۆری میکونوس لە بەرنامەیەکی تەلەویزیۆنییدا رایگەیاندبوو :" حدکا وەکو پێش ئامانجی تێسرەواندنە، هەربەو جۆرە کە پێشتر تێیسرەواندووە لە دادێشدا لە دەرەوە تێیدەسرەوێنێ. فلاحیان لێیزیاد کردبوو وگوتبووی : تارویەری سەرەوەی حدکا نفوزی کردووە و توێژی سەرەوەی حدکا تارادەیەک لە ژێر چنگی دایە. بروانە ئاخر دیفاعی هانس یواخیم ئێریک وەکیلی بنە مالەی فتاح عەبدولیی لە دادگای میکونوس ٢١ نوامبر ١٩٩٦ و ١٤ فوریە و ٣ آوریل ١٩٩٧ [5] و بەشی ٢ کە پێشتریش باسی کراو بەشێکی دیکەشی سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو لە لایەن وەکێلی بنەماڵەی عەبدوولییەو بە زمانی ئالمانی ئاماژەی پێکرا.بروانە ئەو دوو دەقە بە زمانی ئالمانیی. ئەوەی لەسەرەوە نووسرا وەرگێراوی ئەو دەقە یە کە هانس یواخیم ئێریک نووسیویە.

سەرنجراكێشــە كــە مــەلا عەبـدوللا باســی لــە كوشــتنی ٣٠٠ كــەس بــە هاوكــاریی تالــەبانیی كــردووە و بــاكی لــە كــەس نیــیە چونكــە پشــتی بــە ئیتیلاعــاتی ســپای پاســدارانەوە بەنــدە. لەبــەر ئــەوە لــە تالــەبانییش تێپــەڕیوە، چونكــە ژیــانی سیاسیی ناوبراویش كۆتایی پێهاتووە.


... بروسكە - عەبدوڵلا حەسەن زادە بوونی ڕێككەوتنێك بۆ ڕاگرتنی چالاكی   http://www.brwska.org/kurdi/index.php?mode=print&news

BRWSKA NEWS

# عەبدوڵلا حەسەن زادە بوونی ڕێككەوتنێك بۆ ڕاگرتنی چالاكی چەكداری پشت ڕاست دەكاتەوە

خۆرهەلات نیوز | 01 June, 2009 05:47:47 | ژمارەی خوێنەران 546

خۆرهەلات نیوز: عەبدوڵلا حەسەن زادە، سكرتێی پێشووی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بوونی ڕێككەوتنێكی لە گەڵ یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان بۆ ڕاگرتنی چالاكییە چەكدارییەكانیان لە دژی ئێران و مانەوەیان لە چوارچێوەی ئەو كاتیان دا پشت ڕاست كردەوە.

موحسین ڕەزایی، فەرماندەی پێشوی سوپای پاسدارانی كۆماری ئیسلامی، لە وتووێژێك دا لە گەڵ "عیرفان قانعی فەرد" دا ڕایگەیاندبوو، لە كاتی هێرشی سوپای پاسداران بۆ سە بنكەكانی حیزبی دێموكرات لە كۆیە، واتە ساڵی 1375ی هەتاوی، بە ناوبژیوانی مام جەلال، سكرتێری گشتیی یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان، حیزبی دێموكرات و كۆماری ئیسلامی ڕێكەوتنێكیان واژۆ كردووە كە چالاكی چەكداری دژی یەكتری ئەنجام نەدەن.

لەو بارەیەوەو لە بەداوداچوونێكی خۆرهەلات نیوز دا، عەبدوڵلا حەسەن زادە، سكرتێری پێشووی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران، ڕایگەیاند: ڕێكەوتن بۆ ئەو مەبەستە كراوە، بەڵام ڕێكەوتنەكە لە گەڵ كۆماری ئیسلامی نەبووە.

حەسەن زادە ڕوونیكردەوە، ئەو ڕێككەوتنە لە گەڵ یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان كراوە و بە هیچ شێوەیەك لە دەقی ڕێكەوتننامەكە دا ناوی كۆماری ئیسلامی تێیدا نەهاتووە.

سكرتێری پێشووی حدكا، بە ئاماژە بەوەی كە ئەو ڕێككەوتنە ئیمزای خۆی بەسەرەوەیە ئامادە نەبوو هیچ شتێك لە سەر ناوەرۆكی ڕێككەوتنەكە باس بكات و وتی: ئەگەر ڕەزێك بێت و باسی نێوەرۆك ئەو ڕێكەوتنە بكرێت، دەبێ بە ڕەزامەندی هەر دوو لایەنی پێوەندیدار بكرێت.

لە لایەكی دیكەوە، سەرچاوەیەك لە ناو حیزبی دێموكراتی كوردستان، كە لە كاتی هێرشی سوپای پاسداران دا ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران (ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر) بووە، بە خۆرهەلات نیوزی ڕاگەیاند: ئێمە لەو كاتی دا هیچ ئاگاداریمان لە سەر بوونی وەها ڕێككەوتنێك نەبووە و ئەگەر بشمانزانیبایە ڕێككەوتنێكی ئاوا هەیە، ئەگەریی ئەوە هەبوو لە گەڵ حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران هەر یەك نەگرینەوە.

ئەو سەرچاوە كە نەیویست ناوی ئاشكرا بكرێت، وتی: ئێمە دوای یەكگرتنەوەش ئاگاداری ناوەرۆكی ئەو ڕێككەوتنە نەبووین و تازەش نەمان دەتوانی هیچ هەڵویستێكی ئەوتۆمان لەو بارەیەوە هەبێت.

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشكرد كە ئەو ڕێكەوتنە لە گەڵ یەكیەتیی نیشتمانی كوردستان كراوە و ئیمزای مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەی بەسەرەوەیە.

بروانە سەرجەمی وتوێژەكەی مەلا عەبدوللا لەگەل لقین:

ژمارە ١ لاپەرەی ٢ و لاپەرەی ٣ و لاپەرەی ٤_ كرتە بكە سەر ژمارەكان Ctrlداگرە !

`تــــەزویرەكانی مــــەلا عەبـــدوللا و خەیانەتــــەكانی هـــــەموو ئاشـــكران و خـــۆی دانـــی پێـــداناون بروانـــە ئاشـــبەتاڵنامەی 5 ژوئـــەنی 2009 لـــە ســـایتەكەی "خۆرهـــەلات نیـــوز" ســـایتی نهێننی مەلا لەو ڕێكەوتەی سەرەوەدا !

هـــەروەها بروانـــە وتـــووێژی تەتەرەكـــەی ئیتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران بـــە نـــاوی "عرفـان قـانعی فـرد"و محسـن رضـائی لەســـەر ئاشـــبەتاڵی مـــەلا عەبـــدوللا و هاوكـــاریی تالـــەبانیی لەگـەل سـپای پاسـداران! لـەو لینكـەدا [6] كرتـە بـۆ ئێـرە بكـە و Ctrl دابگرە! هەروەها لەو لینكەدا !

http://news.gooya.com/politics/archives/2009/05/088192.php

مـــەلا عەبـــدوللا بـــۆ چەواشـــەكردنی واقعییـــەت لەگـــەل تێرۆریســـتەكان هاوكـــاریی كـــردووە. كارەســـاتەكـــانی دژ بـــە كـــورد لــە ســەرەتای مــانگی دەی ١٩٨٦ دوای رێكــەوتنی تالــەبانیی و بــاقری ذوالقــدر لــە تــاران و كردنــەوەی دەفتــەری ســەرەكیی ئیتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران لـــە یاخســـەمەر بـــە ســـەر پەرشتیی محمد جعفری صحرارودی دەستیان پێكردبوو.

بـــە وتـــەی نەوشـــیروان مصـــطفی و تالـــەبانیی لـــە هاوخەباتیــەوە بۆتــەخــوین و لــە راپــۆرتی تالــەبانیی بــۆ پلێنــۆمی ٤ ینـك ئـەو رێكەوتنـەی تالـەبانیی وپاسـدار ذوالقـدر زەمینـە خـولقێنی كارەسـاتەكانی، ئەنفالـەكان، هەلەبجـە، سـەردەشـت و ئاشـــبەتالی هـــەموو تەنزیمـــەكانی كوردســـتان بـــووە. هـــەروەها بروانـــە كتێبـــی خولانـــەوە لـــە نـــاو بازنـــەدا! دواتـــر رەوتـــی روداوەكـــان و خـــەیاڵپلاوەكانی تالـــەبانیی و نەوشـــیروان مصـــطفی بـــە گـــوێرەی نووســـراوەكانی خۆیـــان و كتێبـــی كارەساتەكانی هەڵەبجە دەخەینە بەرچاوی خوێنەر.

خولقانـــدنی زەمینـــەی كارەســـاتەكانی ئەنفالـــەكان، هەڵەبجـــە، سەردەشـــت وێـــران كردنـــی كوردســـتان بـــە مانـــای كەمكردنـــەوەی بەرپرســـایەتیی جینایـــەتكارەكانی ڕژێمـــی صـــدام نییـــە. شـــەر قـــانوون، پرەنســـیپ و ئوســـوڵی خـــۆی هەیـــە. بەرپرســـایەتیی ئـــەو دوو لایەنـــە لـــەو جینایەتانـــەدا یەكســـان نـــەبووە. كـــورد لـــەو شـــەرە جینایەتكارانەیـــەی نێـــوان دوو رژێمـــی جینایـــەتكاردا لایـــەنی ســـەرەكیی نـــەبووە. بروانـــە وتـــەكانی طـــارق عـــەزیز و ئامۆژگارییـــەكانی بـــۆ فەرەیـــدون عەبـــدولقادر لـــە كتێبـــی خولانـــەوە لـــە نـــاو بازنـــەدا. نەوشـــیروان مصـــطفی دوای كارەســـاتەكان خۆگرێـــدانی ١٩٨٦ ی تالـــەبانیی بـــە ســـپای پاســـدارانەوە بـــە هەڵـــەی زانیـــووە. بەرلـــە كارەســـاتەكان نـــاوبراو بـــۆ خۆتواندنـــەوەی تالـــەبانیی لـــە نـــاو ســـپای پاســـداراندا توندئاژۆترین لایەنگری تالەبانیی بووە.

تالـــەبانیی و نەوشـــیروان لـــە راپۆرتەكـــەی تالـــەبانییدا بـــۆ پلێنـــۆمی ٤ ینـــك لـــە ٢٩-٣١ /١٠/ ٢٠٠٩ و لـــە هاوخەباتیـــەوە بـــۆ تـــەخوین دانیـــان بـــە خولقانـــدنی زەمینـــەی كارەســـاتەكانی ئەنفالـــەكان، هەڵەبجـــە و سەردەشـــت دانـــاوە. لـــە مەســـەلەی هەلەبجـــەش دا ئەنـــدامانی ســـەركردایەتیی ینـــك بـــۆ خولقانـــدنی زەمینـــەی كارەســـاتەكە بـــەرپرس بـــوون. ئـــەو بەرپرســـایەتییەی ســـەركردایەتیی ینـــك لێـــرەشدا نایێتـــە هـــۆی كـــەمرەنگ كردنـــەوەی بەرپرســـایەتیی جینایـــەتكارانی بەعس بۆ خولقاندنی ئەو كارەساتە دژی بەشەرییە.

6 _ http://news.gooya.com/politics/archives/2009/05/088192.php

تـەزویرەکانی مـەلا عەبـدوللا  قوتکـەی سـەرەوەی کێـوی سـەهۆڵی ناودەریـان. ئـەوەی نـەدیوە چەنـد قـاتی ئەوەیـە کـە لەبەرچاوە. روداوەکانی باشوری کوردستان و رۆژهەلاتی کوردستان وەکو ئاڵقەی زنجیر تێکئاڵقاون.

زیندەبـەچالکردنی ٨٠٠٠ بـارزانیی، کارەسـاتی بۆمبـارانی هەلەبجـە، ئەنفالـەکان  پێلانـی سـازماندراوی تێـرۆری رێبـەرانی سیاسـیی حـدکا، روداوی جیـا لەیـەکتر نـە بـوون. "رێکـەوتنی ١٩٨٦ " ی تالـەبانیی و  تێرۆریسـتێک بـە نـاوی بـاقری ذوالقـدر بـوو بـە زەمینـەخولقێنی   هـەموو  کارەسـاتەکانی کوردسـتان. بروانـە لـە هاوخەباتیـەوە بـۆ تـەخوین ، نووسـینی نەوشـیروان مصطفی.

بـە بـێ هاوکـاریی مـەلا عەبـدوللا لەگـەل تالـەبانیی و صـحرارودی و پیلانـی رادانـی حـدکا لـە قەندیلـەوە بـۆ کۆیـە، زەمینـەی کارەسـاتەکانی رۆژهەڵاتی کوردسـتان دوای تێرۆری د.قاسملوو  و د.شەرەفکەندیی  بۆ جینایەتکاران نەدەرەخسا.

وشـەی تەزویر و سـەدان تاوان ؟!

وشـەی تـەزویر لـە زانسـتی مافـەکاندا بـە مانـای فریـوو فێـڵ و سـاختەچێتیی یـە. ئـەو وشـەیە لـەو لێکۆلینەوەیـەدا هـەڵگری ئـەو تاوانـە قورسـانە نیـیـە کـە دژ بـە خـەلکی کـوردو رێبـەرانی حـدکاو بزووتنـەکانی کـراون.  لێـرەدا  مـەلا عەبـدوللا بـە تاوانبـارێکی سـەرەکیی هـەموو کارەسـاتەکانی حـدکا لـە رۆژهـەلاتی کوردسـتان دەناسـرێ. ئـەو جینایەتانـەی کـە لـە لایـەن مـەلا عەبـدوللاو تیمەکەیـەوە  دژ بـە ئەنـدامانی حـدکا کـراون  دەبـێ لەلایـەن کومیتەیـەکی راستیی‌پشـکنەوە لێکۆلینـەوەیان لەسەربکرێ.

تێـرۆری ئەنـدامان و لایـەنگرانی حدکالـە باشـوری کوردسـتان لەلایـەن هـیچ گـروپ و سـازمان و کەسـایەتیی‌یەکی بێلایەنـەوە لێکۆلینـەوەی لەسـەر نـەکراوە. جیهـان لـەو هـەموو جینایەتـە کـە دژ بـە لاوانـی رۆژهـەلاتی کوردسـتان کـە بـە هاودەسـتیی مـەلا  عەبـدوللاو و تێرۆریسـتەکانی سـەر بـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و زانیـاریی ینـک و  بزووتنـەوەی ئیسـلامیی کراون ئاگادار نەبووە.

رادانـی حـدکا لـە قەندیلـەوە بـۆ ئۆردوگـای پەنابـەریی و  جیـرەخـۆریی  و هاوکـاریی کردنـی حـەیاکیی  لەگـەل تێرۆریسـتەکانی کۆمـاری ئیسـلامیی لـە یاخسـەمەر وسـولەیمانیی  وهاوکـاریی بـۆ  کوشـتنی رێبـەرانی حـدکا  بـە فێـل و درۆ لـە چواچێـوەی وشـەی تـەزویردا جـێ نـاگرن. تالـەبانیی لـە لایـەن ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـدارانەوە  دەسـتوری پێـدراوە کـە بیێتـە ئاڵقـەی گرێـدانی مـەلا عەبـدوللا بـە ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـدارانەوە. لـەو بەڵگەنامەیـەی ژێـرەوەدا  شـێوەی پێوەندیی گرتنەکەی مەلاو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران  دیاری کراوە.

تالـەبانیی لـە نامەیـەکی نهێنیـیدا (بەڵگەنامـەی ژمـارە ٣٢ بـۆ جەبارفـەرمان لـە ١٩٩٥/٩/٢٨ نووسـیبووی : "پێنجـەم : جمهـوری ئیسـلامیی سـوورنەبوون لەسـەر بـە پەلـە دەرکردنـی حـدکا، بـەڵکو داوایـان لێکـردووم  کـە بـە هێمنیـی، شـێنەیی و بە خشکەیی هەوڵدەم لەگەل مەلا عەبدوللا  بۆ ئەوەی پێک بینەوە...کرتە بۆ ئێرە  و  ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

ئـەوە یـەک لـە شـێوەکـانی  پێوەنـدیی گرتنـی  مـەلا و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران  و صـحرارودی و فلاحیـان بـە هـۆی تالـەبانیی یـەوە بـۆ تونـاکردنی بزووتنـەوەی کـورد  لـە رۆژهـەلاتی کوردسـتان بـووە. کۆبوونـەوەکان لەسـەر حـدکا و دادێـێ رۆژهـەلاتی کوردسـتان و کرینـی ئەنـدامانی حدکابـە "نهێنیـی، بـە هێمنیـی، خشـکەیی و شـێنەیی" بـووە. بەوتـەی تالـەبانیی وادیـارە مـەلا پێشـنیاری بـە ئیتتیلاعـاتی سـپا کردبـێ کـە لەرێگـەی تالـەبانیی یـەوە لەگـەڵی لـە پێوەنـدییدابن. چونکـە ئاسـانتر بـووە و بۆکەسـیش  نـەدەلوا لـەو هاوکارییـەی مـەلاو ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران و صـحرارودی ئاگـاداربێ. سـەرچاوەی  ئـەو بابەتـە، کتێبـی  شـەری نـاوخۆی کوردسـتانی عیـراق چـۆن دەسـتی پێکـردو کـێ لێی‌بەرپرسـیارە، بـەرگی یەکـەم چـاپی یەکـەم، سـاڵی ١٩٩٧مەکتـەبی دیراسـات و توێژینـەوە، مەکتـەبی سیاسـیی پـارتی دێموکراتی کوردستان ە.

مـەلا عەبـدوللا بـۆ کۆکردنـەوەی سـامان  و دەسـەلات  و راگرتنـی کوشـتارگەکەی لـە کۆیـە  و کەمکردنـەوەی مەترسـیی ئاشـکرابوونی هاوکاریی‌یەکـەی لەگـەل ئیتتیلاعـاتی سـپاو علـی فلاحیـان و زانیـاریی ینـک  دەسـتی بـۆ هـەر تاوانێـک کـە بـە پێویسـتی زانیبـێ،  درێـژ کـردووە. نموونەکـەش ئـەنجن ئـەنجن کردنـی ئـازادی ئیبراهیمیـی  کـوری عـەلی بالـە خـەڵکی گاگـەش، موشـاویرو رابیتـی خـۆی و  ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران لـە سـولەیمانیی‌بـووە کـە دوای ئاشـکرابوونی دەوری جاسوسـیی‌یەکەی، لەلایـەن سـێ ترۆریسـتی سـەر بـە مـەلا عەبـدوللا کـە سەرپەرشـتەکەیان ناسـراوە، سـاڵێک دوای راکردنەکـەی لـە گاگـەش کۆتـایی بـە هـەبوونی هێنـراوە.  ئـازاد هاودەسـت و بریـرەی پشـت و راهێنـراوی مـەلا عەبـدوللا بـۆ جاسوسـیی و ئاڵقـەی پەیوەنـدیی نـاوبراو  و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران جێگیـر لـە ناوەنـدی سـولەیمانیی بووە.لیسـتی تێرۆرکراوانـی ئەنـدامانی حـدکا لـە باشـوری کوردسـتان بـە پێی‌بەڵگەنامـەرەسـمیی‌یەکانی حـدکا  لەدەرفـەتێکی گونجـاودا دەخرێتـە بـەر چـاوی کـورو کۆمەڵـە مافپارێزەکـانی جیهـان. بـۆ ئـەو ئەرکـە لـە ئەنـدامانی دڵسـۆزی حـدکا داوا دەکـرێ کـە سـکەن کـراو یـان سـەرجەمی رۆژنامـەکانی "کوردسـتان "  رێکـەوتی سـاڵەکان  ١٣٦٦ (١٩٨٧)تـا ئاخرمانگـەکانی سـەرۆک

کۆمــاریی ئەحمــەدیی نــژاد و هاتنــە ســەرکاری روحــانی  بــۆ یــەکێ لەوســایتانەی رۆژی کــورد ئینفــۆ، پێشــمەرگەکان، رۆژهەلات بۆکان و هەڵوێست بنێرن.

دۆزرانــەوەی بەڵگــەی جاسوســیی ئــازاد کــوری عــەلی بالــە لــە ماشــێنی دەستبەســەرداگیراوی دەزگــای زانیــاریی ینــک و ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران لــە  روداوی ١٧ ســەرماوەزی  ١٣٧٦لــە واقیــع دا دۆزرانــەوەی بەڵگــەی جاسوســیی مــەلا عەبــدوللا بــۆ ئیتتیلاعــاتی ســپاو زانیــاریی ینــک  و بەشــداریی مــەلا عەبــدوللا لــە  تێــرۆری  ئــەو ٨ کەســەبووە کــە چوارکەســیان بــە فــەرمانی ئەنــدامێکی ســەرکردایەتیی ینــک بــە ئاگــاداریی مــەلا عەبــدوللا گوللەبــاران کــراون و یــەک لــەو  چوارکەســەی گروپی یەکەم ( منصور فتاحی ) تێرۆرکراوە و  و سێ کەسەکەی دیکە بریندار کرابوون.

تــەزویرەکانی کتێبــی خولیــا و مــەرگی رەحمــانی کــورد خولیــای کوردســتان ئــەو پێوەندییــەی مــەلا عەبــدوللایان بــە ئیتتیلاعــاتی ســپاو زانیــاریی و وەزارەتــی ئیتتیلاعــاتی فلاحیانــەوە  ســەلماندووە.  بروانــە دوو جینایــەت دوو دادگــە و دوو قــەرار لە سایتی رۆژی کور ئینفۆ و پێشمەرگەکان و هەڵوێستدا!

درێژەی لێکۆلینەوەکە  لە   برگەی سێهەمی لاپەری ٢٠٩ ی دەقە ئینگلیزییەکە و ٢٣٢ ی دەقەکوردییەکە

بێن بێللا تۆمەتبار دەکا


مەلا عەبدوللا،تالەبانیی ، نەوشیروان مصطفی، ئەندامی ژمارە٢ ی تەنزیمی ینک،بەرپرسانی زانیاریی ینک، ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ،  کارگێرانی  کاروباری دەرەوەی  ینک(  فواد معصوم و کەمال فواد)، ئەحمەد بێنبێلا، فازل رەسوڵ و ژنەکەی  لە رەوتی تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر ئاگاداربوون. ئەم بەشە جێیوردبوونەیەکی زیاترە.

١- ئــەحمــەد بنبــێللا، ســەرۆک کۆمــاری وەدەرنــراوی بــەرێێ  ئەلجــەزایر بــوو. دوای شۆرشــی گــەلانی ئێــران ئــەو مــەلا ســەلەفییــە دەمــار گــرژە وەکــو هــەموو مــەلا دەماگرژەکــانی کوردســتان،  چــەپ و راســت ئاژۆکــانی کــورد، کیســەیان بــۆ دراوی ئاخونــدەکانی تــاران هەڵــدروو و بوونــە لایــەنگری  تێرۆریســتەکانو بــۆ تووانــەوە لــە نــاو ســپای پاســداران کەوتنــە کێبەرکێیــەکی ســەر ســورهێنەر کــە مێــژوو وێنــەی ئــەوتۆی بــە خۆیــەوە نــە دیبــوو. تواندنــەوەی ی. ن. ک. لــە نــاو ئیتتیلاعــاتی ســپای پاســداران لــە لایــەن تالەبانیــیــەوە سەرنجراکێشــترین روداوی ئــەو ســەردەمە بــووە. بروانــە کتێبــی خولانــەوە لــە نــاو بازنــەدا نووســینی نەوشــیروان مصــطفی لاپــەرەکانی ١٠١ تــا ١١٤. بــۆ خوێندنــەوەی ئــەو کتێبــە کرتــە بــۆ ئێــرە بکــە و Ctrl دابگرە!

بێنبــێللا بــە هاودەســتیی فــازل رەســوڵ، دەورێکــی جینایەتکارانــەی لــە تێــرۆری د.قاســملووو عەبــدوللا قــادرییدا گێرابــوو.  بــۆ ناســینی رابــردووی ئــەو کابرایــە بروانــە ئــەو بەڵگەنامــەیــە لــە کتێبــی روزهــا بــر رئــیس جمهــور [ مەبەســت  ابوالحســن بنیصــدر، ســەرۆک کۆمــاری بــەرێی  ئێــران]  چگونــە میگــذرد، لــەو بەشەی خوارەوەدا !

دوای ســەرکەوتنی ئاخونــدەکان لــە ئێــران بنبــێللا یــەک لــەو ســەلەفییانە بووکــە خــۆی بــۆ فرۆشــتن بــە ئاخونــدەکان بــە بەنیصــدر ناســاند بــوو. بــەنی ســەدر ســەرکۆماری پێشــتری ئێــران لــە کتێبەکــەی دا بــە نــاوی " روزهــا بــر رئــیس جمهــور میگــذرد، بــەم شێوەیە باسی بنبیللای کردووە:

" *دوانیــوەرۆی رۆژی دوشــەممە ١٦ مــــرداره مــانگی ١٣٥٩ عــەرەبێکی ئەلجــەزایریی هاتــەلام و لەمــەر رەوتــی بیرکردنــەوەی بنبــێللا قســەی بــۆکردم.و گــوتی : (بنبــێللا) بــە تــەواوی بــە شــێوەبیرکردنەوەی ئیســلامیی گەیشــتووە و تێیــدا تووواوەتــەوە. ئــەو پێشنیارگەلیکی بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی ئیسلامیی هەبوو ...*"


دو شنبه ۱۶ تیرماه ۱۳۵۹

صبح ابتدا آقایان محلاتی و حسین خمینی که از کرمانشاه آمده بودند به همراه آقای میرسلیم معاون وزارت کشور آمدند. درباره کردستان و کرمانشاه گزارش دادند و معلوم شد که نیروهای دشمن در خاک عراق تدارکاتی دیده‌اند و خبری که قبلاً به ما داده شده بود صحت دارد. به دنباله حادثه خونین کرند که به شهادت ۲۰ پاسدار انجامید گروهی به عملیات انتقامی دست زده و دهکده هایی را آتش زده‌اند و عده‌ای رفته‌اند برای تحقیق تا رسیدگی بشود و این حوادث اسف بار در جمهوری اسلامی تکرار نشود.

بعد، به دیدار از نمایشگاه آرمهایی که هموطنان ما برای جمهوری اسلامی کشیده بودند که آرم فعلی از آن میان برگزیده و انتخاب شده رفتم. می‌توان گفت که این انتخاب شاید بهترین انتخاب‌ها بوده و به این دلیل که تنها در این آرم بود که علائم مادی برای معنویت و اندیشه و تفکر اسلامی به کار رفته است.

در مراجعت فرمانده نیروی هوایی آمد. کارهای نیروی هوایی را آورده بود. که انجام داد و گزارشی درباره یک جریان ناسالم در نیروی هوایی داد که از پیش تحت پیگیری بوده و این پیگیری پیشرفت کرده است.

نزدیک ظهر دوباره آقایان محلاتی و حسین خمینی آمدند و درباره سپاه و اداره آن و وضعیت آن در استان کرمانشاه بحث و گفتگو کردیم. امیدوارم که مشکل اداره سپاه بزودی حل بشود.

بعد از ظهر نخست یک الجزایری نزد من آمد و درباره جریان تفکر بن بلا صحبت کرد که او کاملاً تفکر اسلامی پیدا کرده و در این تفکر به خلوص رسیده است. او پیشنهادهایی درباره بین الملل اسلامی داشت. در این وقت من برای شرکت در جلسه هیئت وزیران رفتم. در این جلسه مسایل مختلفی بحث شد و به تصویب رسید. مسئله اولی که وزیر کار مطرح کرد، مسئله جذب مازاد کارگران بنادر خوزستان در طرحهای تولیدی بود که قرار شد این طرحهای تولیدی را ارائه بدهند و بانکها در این طرح‌ها سرمایه گذاری کنند قرار شد. رئیس کل بانک مرکزی، گروهی را به خوزستان بفرستد تا طرح‌های موجود را ارزیابی کرده و در آن‌ها سرمایه گذاری کنند.

زووتــر لــە بنبــێلا، بــە ســەدان  مــردە لۆخــەی  سیاســیی راســت و چــەپ، مارکسیســت- لێنینیســتی نــەزان و خۆفرۆشــی فــارس و تــورک  عــەرەب و کــورد بوونــە لایــەنگری ئیســلامی خومــەینیی(  شــیعەی سیاســیی) کەســانی وەکــو تالــەبانیی توانــەوەیان  لــە نیزامــی خومــەینییدا  تایبــەتیی بــووە. بــەجۆرێک کــە دواتــر **خــۆی و نەوشــیروان گوتــەنی: ئــەو توانەوەیــە خولقانــدنی  زەمینــەی کارەســاتەکانی  ئەنفالــەکان، هەڵەبجــە و ســەردەشــتیان  لێکەوتووەتــەوە.**

تێرۆری ڕێبەرانی حدکا و هەموو تەنزیمەکان لەو چواچێوەیەدا شرۆڤە دەکرێن. تواندنەوەی حدکا لە ئیتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک دا بە فێڵ وگزەونیی بێ لەمپەری مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بووە. ئاشبەتاڵی هەموو تەنزیمەکوردستانییەکانی باشورو ڕۆژهەلاتی کوردستانی لێکەوتووەتەوە.

دوابەدوای ئەو حەرەکەتە خێڵەکییەی تالەبانیی، ئاخوندومەلای کورد لە باشوری کوردستان بوونە سەرپرو پیاوکوژو ئارێچی لەشان بۆ خاپورکردنی ولات هاتنەمەیدان و پێشمەرگەی حدکایان ڕفاندو بە پاسدارەکانیان فرۆشتن.

خەیاڵپلاوە چەورەکانی تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی و باوەڕکردنەکانیان بە ئاخوندەکان و تواندنەوەی تەنزیمەکەیان لەڕەوتی ئەو لێکۆلینەوەیەدابخوێنەوە .

بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢ نامەی جەلال تالەبانیی بۆ جەبار فەرمان بەرپرسی مەکتەبی عەسکەریی ینک کە لە ٩/٢٨/ ١٩٩٥ گۆشەیەک لەوخەیاڵپلاوە باس دەکا. ئەوەش دەقەکەیەتی:

لەو سەفەرەی تاراندا گوایە: تاڵەبانیی چەند شتێکی زۆر گرینگی بەدەست هێناوە و نووسیویە:

١- هاوکاریی هەتا سەری ئێمە ( ینک) و المجلس الاعلی بە سەرۆکایەتیی سەماحەتی السید باقر الحکیم کە گوایە : بۆئێستاو دوارۆژی عیراق پێویستە. بە وتەی تالەبانیی دوو ڕیکەوتنی ئاشکراو نهێنیی لە ئارادا هەبووە و گوتوویە : نهێنییەکە دەبێ زۆر زۆر زۆر نهێنیی بێ و کەس نەزانێت!ئەوەش ئەساسە و لە هەموو حالەتێک لەسەری دەڕۆین و جێ بەجێیدەکەین بەلام

١- بە خشکەیی ٢- لە ژێر پۆششێکدا.

دووهەم ڕازیی کردنی ئێران بەو ڕێکەوتنە و یارمەتیدانی ینک + المجلس.

قەراربووە مافی "چارەی خۆنووسین" لەسەر تەختە ڕەشە بنووسرێ و لە چواچێوەی عێراقدا بۆی تاپۆ بکرێ. تالەبانیی فریوی ئەوەی خواردووە کە ئێران تالەبانیی و تەنزیمەکەی و المجلس بە ڕەورەوەی ڕزگاریی عێراق ناوبردووە!!

سیاسەتمەداری کوردی هەڵەشە لە جیهانی سیاسەت و ڕێوەندە نێودەولەتییەکان، ئاکامی ئەو خۆگرێدان و پەنابردنە بۆ ئەم و ئەو، مەترسیی خولقێن بۆ گەل و نیشتمان بووە. تالەبانیی وایزانیوە بە چوار تەق و توق لە دەور بەری کەرکوک وبە بارمتەگرتنی دوو کرێکاری کوریایی و فرۆشتنەوەیان بە چەند سەت دۆلارێک بەو جۆرە کە نەسرین خانمی هاوژینی نەمر د.قاسملوو بۆی نووسیبوو، دەتوانی نەخشەی جیهان بگۆڕێ!

**بەڵگەنامەی ژمارە «٣٢»**

**نامەی جەلال تالەبانی بۆ جەبار فەرمان سەبارەت پێکگەیشتنی تالەبانی لەگەڵ ئێران:**

**لە ٢٨ / ٩ / ١٩٩٥دا تالەبانی نامەیەک ئاراستەی جەبار فەرمانی بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری «ینک» دەکا، کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
سکرتێری گشتی

**هەڤاڵ و برای خوشەویستم کاک جەباری بەڕیز**

سلاویکی گەرم
شادی و سەرکەوتنتانم داوایە و ئیمەش باشین.
لەسەفەری تاران دا پیم وایە چەند شتێکی زۆر گرنگمان بەدەستهیناوە:

**یەکەمین**: هاوکاری هەتاسەری ئێمەو المجلس الاعلی ـ بەسەرۆکایەتی سەماحەتی السید باقر الحکیم کە بۆ ئێستە و دوا ڕۆژی عێراق باش و پێویستە وا دەقی هەردوو ڕێککەوتنی ئاشکراو نهێنیتان بۆ دەنێرین نهێنی یەکە دەبێ زۆر زۆر زۆر نهێنی بێت و کەس نەزانیت: ئەوەش ئەساسە: لە هەمو حالەتیکدا لەسەری دەڕۆین و جێ بەجێ ی دەکەین بەلام (١) بەخشکەیی (٢) لە ژێر پۆششیکدا. لەسەرەتادا هەول دەدەین پۆشش INC (**لێرەدا تالەبانی دەیەوێINC وەک دەمامکێک بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆژەیەکی دیکە بە کار بهێنێ ـ دیراسات**) بێت، یان هاوکاری فراوانی معارەزە. جا ل کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو ڕێککەوتنە تۆ + کاک قادرمان داناوە بۆ هەلسوڕاندن و جێبەجێ کردنی کارەکان. هیوادارم هەر فیلەکە بیت!

**دووەم**: ڕازی کردنی ئێران بەو ڕێککەوتنە، هەروەها بە یارمەتی دانی هەردوولامان بۆ سەرخستنی کارەکە: واتە ڕازی بوونی جەمهوری ئیسلامی بە هاوکاری کردنی ی.ن.ک + المجلس الاعلی بۆ ڕوخاندنی ڕژێم + داهێنانی عێراقی دوا ڕۆژ کە لە ڕێککەوتنی پێشومان لەگەڵ المجلس دا باسی لێوە کراوە، کە تێیدا مافی چارەی خۆنووسی گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا هاتووە. واتە ئیتر «ئێمەو المجلس» بە ڕەوڕەوەی ڕزگاری عێراق دەزانێت واتە بەهەر سێ لامان پێکەوە کارە هەرە ئەساسیەکە دەکەین.


**سێیەمی** ڕێککەوتنێکی هەمەلایەنەو شامیل و کامیلی دورو درێژ لە نێوان ئێمەو ئێران دا کە بێ گومان پرۆژەکەی دەبینن.

**چوارەم** هەروەک بریاردرا ڕێککەوتنەکەی پێشوو جێبە جێ بکرێت.

شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە؟ ٢٩١ دیراسە ژمارە «٢٩»

تالەبانیی و پێنج کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتییەکەی بەو ڕێکەوتنە خێڵەکییە نە قانوونییەی مانگی دەی ١٩٨٦ کە لە تاران لەگەل تێرۆریستێکی ناوزراوی جیهانیی بە ناوی باقری ذوالقدر کردیان، بوونە زەوینە خولقێنی هەموو کارەساتەکانی ئەنفالەلان، کۆکوژیی هەڵەبجە، سەردەشت و کوشتنی هەزاران بارزانیی، تەفروتوناکردنی کوردستان ،فەرهەنگ و مەدەنییەت و گۆڕینی ئەخلاق و ژیاریی ئەوگەلە هەژارەی کورد. ساڵەیلێ دواتر خۆی و نەوشیروان مصطفی دانیان پێدانا کە ئەو کردەوە خێلەکییە هەڵەبوووە. تالەبانیی نەیزانیبوو، عەشیرەت، خێل، شێخ، گروپ و تەنزیم و دەستەی لەو بابەتە ناتوانن ببن بە لایەنی قەرارداد لەگەل دەولەتێک. نەوشیروان بە گوێرەی نووسینەکەی لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا زانیبووی کردنی تەنزیمەکەیان بە بەشێک لە ئیتیلاعاتی سپا چەندە مەترسیی‌هێنەرو گەل توناکەرە. سەرەڕای ئەوە ناوبراو چەپاژۆ ترین و خولیاترتن ئەندامی ینک بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکەوتنە کوردتوناکەرە بووە. بڕوانە پەیماننامەی سالی ١٩٦٩ ی ڤییەن بە زمانی ئینگلیزیی[7] کرتە بکە سەر ئەو لینکە http://www.admiraltylawguide.com/conven/lawoftreaties1969.html و Ctrl داگرە!

7 _ https://www1.umn.edu/humanrts/arabic/viennaLawTreatyCONV.html



**پێنجەم**: جەمهووری ئیسلامی سوور نەبوون لەسەر بەپەلە دەرکردنی حدکا، بەلکو داوایان لێ کردووم کە بەهێمنی و شێنەیی و بەخشکەیی هەولدەم لەگەڵ مەلا عبدالله بۆ ئەوەی پێک بێنەوە لەگەڵ (ج ئـ) دیارە هێشتا ئەساسەکەو شەرتەکانی روون نین بەڵام خۆی لەخۆیدا شتێکی زۆر گرنگە: باس لە چالاکی سیاسیان دەکرێ+ لە چارەسەرەکەی ئیمام وەختی خۆی گوتبووی و هتد.

بەگشتی من لەم سەفەرەی ئێرانم زۆر رازیم: ماوەتەوە جێبەجێ کردن: پێم وایە کلیلەکەی رێککەوتنەکەی «ئێمەو المجلس»ی ئەعلایە کە رێبەر+ سەرۆک جەمهووری+ پاسداران+ هەموان ئیتر زۆر زۆریان پێ باش و گرنگە.

بۆیە هەر خۆت و کاک قادر لە بەچاکی هاوکاری کردنی المجلس زۆر زۆر گرنگە: بگرە هەموو شتەکانی تری پێوەبەندە.

ئەوەی گرنگە بەلامەوە کە بۆ دوا رۆژی عێراق و شتە ئەساسیەکان (ج.ئـ) لەگەڵ (ئێمەو المجلس) پێکهاتووەو بەس و کەسی تری تێدا نییە! واتە ئەوەیە سێ کوچکەکە:

**لە دواییدا ئێمە لێرە قسەمان درێژ بوو.**
**تکایە جارێ ئەم نامەیە هەر بۆ خودی خۆتە.**
**و هەر بژی بۆ**

**برای دڵسوزتان**
**مام جەلال**

**ئاگاداری**
بۆ الحسینیەکەی سلێمانی ئەرزێکی باش بەناوی منەوە داوا بکەن و لێرەشەوە مهندس دێت بۆ تخطیط کردنی.

شەڕی ناوخۆی کوردستانی عێراق، چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە؟ ٢٩٢ دیراسە ژمارە «٢٩»

ڕێکەوتنەکـــە لەلایـــەن تالەبانییـــەوە ئـــاوا شـــرۆڤە کـــراوە: ســـێیەم ڕێکـەوتنێکی هەمـە لایەنـە ودایـم وشـامیل و کـامیلی دورو درێـژ لـە نێـوان یـنـک و ئێران ...

پیداچوونـــەوەی مـــەلا عەبـــدوڵلا بـــە وەرگێرانـــی کتێبـــی خولیـــاو مـــەرگی ڕەحمـانی کـوردو و ئـەو هـەزاران تـەزویرەی کـە کردویـە و پێوەندیی‌یـەکانی نـــاوبراو بـــە ئیتتیلاعـــاتی ســـپای پاســـدارانەوە، ئـــەو واقعییەتانـــەمان بـــۆ ئاشـــکرادەکەن کـــە مەبەســـتی ئیتتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران لـــە ڕێکەوتنـەکانیان لەگـەل تالـەبانیی تـەنیا بـۆ تونـاکردنی بزووتنـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەلاتی کوردستان و تێرۆری ڕێبەرانی حدکا بووە.

بەشـی پێنجـی بەڵگەنامەکـە خویایـە و پێویسـتی بـە شـرۆڤە کـردن نی‌یـە کـە نووسیویە:

"جمهـوریی ئیسـلامیی سـوور نـەبوون لەسـەر بـە پەلـە دەرکردنـی حـدکا، بـەلکو داوایـان لێکـردووم کـە بـە هێمنیـی و شـێنەیی و بـە خشـکەیی هەولدەم لەگـەل مـەلا عبـدالله بـۆ ئـەوەی پێـک بێنـەوە لەگـەل جمهـوریی ئیسلامیی..."

ئاخر دێرەکانی تالەبانیی سەرنجراکێشن:

"بـۆ ئەلحسـینییەکەی سـلێمانیی ئـەرزێکی بـاش بـە نـاوی منـەوە [ جـەلال تالـەبانیی] داوا بکـەن و لێرەشـەوە[ تـاران مەبەست بووە] مهندس دێت بۆ تخطیط کردنی." ئیمزای تالەبانیی.

ئەو زانیاریانەی خوارەوە بۆ ناساندنی بنیێللا و تێکێشانی ئەو کابرایە بۆ بەفریوبردنی کورد جێیٚ ڕامانە.

بنیـێللا بـۆ نیشـاندانی توانـەوەی خـۆی لـە بیرۆکـەی هیلالـی شـیعیی‌دا ئـەو ئیمکانـەی تالـەبانیی نـەبووە. هەڵوەدایـەکـی یێـزراو لـە لای خـەلکی ئـەلجـەزایر، دەبـوو کارێـک بـە دژی کـورد بکـا بـۆ ئـەوە بیکـرن. بـۆ کڕینـی ئـەو مـەلا سـەلەفیی‌یـە ئاپارتمـانێکی لـە شـاری قییـەن بـۆ رکـێش کردنـی د.قاسـملوو بـۆ نـاو تـۆری تێـرۆر بـۆ کـردرا. زۆرکەسـێ‌دیکەش لـە تـاران و شـارەگەورەکانی ئێـران بـۆ دژایـەتیی‌کردنی کـورد و بزووتنەوەکـەی و کوشـتاری ئەنـدامانی حـدکا لـە تـاران و شـارەکانی دیکەی ئێران کۆشک و تەلاریان خەڵات کرابوو.

بنی‌صدر لەوکاتەدا کە سەرۆک کۆماری ئێران بوو بنیێللای زۆر بە نزم پێناسە کردبوو.


٢- بنیێللا دۆست و ئاشنای تالەبانیی و هاوکاری زۆر نزیکی فازل ڕەسول بووە.

٣- جەلال تالەبانیی بنیێللای بە د.قاسملوو ناساندبوو.

٤-فازیـل ڕەسـول لـە لایـەن باڵوێزخانـەی ئێرانـەوە ئـەو ئاپارتمانـەی کـە بـاس کـرا بـۆ ڕاکێشـانی د.قاسـملوو بـۆ نـاو تـۆری تێـرۆر بۆ بنیێللا کڕیبوو کە لەخوارەوە وێنەی تاپۆکراوی خراوەتە بەرچاوی خوێنەر.

ڕاپـــۆرتی پۆلیســـی ئـــوتریش دوای دوو ڕۆژ لـــەڕابردنی تێـــرۆری د.قاســـملوو نووســـراوە. بەلگەکانیشـــی لـــە پەروەنـــدەی تێرۆرەکـەی د.قاسـملوو وقادریی‌ئـازەردا هـە بـووە. وێنـەی ڕاپۆرتەکـە و سـەرجەمی پەروەندەکـەی پۆلیسـیش لـە لای مـەلا عەبـدوڵلا هـەبـووە و لـە خـەلکی کوردیـان شـاردوونەوە. مـەلا بـەو بەڵگەنامانـە و بـەخوێنی ڕژاوی ئەنـدامانی حـدکا و ڕێبـەران و ئاشـبەتاڵی حـدکا سـات وسـەودای کـردووە، جیـرەی وەرگرتووە،جاسوسـیی کـردووە، پاکانـەی بـۆ تێرۆریسـتان کـردووە، لەبەرامبـەردا جیـرەی دراوەتـێ و خـۆی و هاودەسـتانی لـە تێـرۆر پاراسـتووە. وێنـەی ڕاپۆرتەکـەی پـۆلیس بـۆ

کڕینی ئاپارتمانەکە بۆ بنبێللا پێشتر لەم لێکۆڵینەوەیەدا نیشان دراوە. فەرموون لێرەشدا وێنەی ئەو سەودایە لە دەفتەری تاپۆی ملکدا ببینە کە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە. پروانە ئەو بەڵگەنامەیە!



Bundespolizeidirektion Wien
Staatspolizeiliches Büro

Wien, am 17.07.1989

Zahl: I-Pos 400/IIIa/15/89 res

Betr.: Mordanschlag in Wien 3.,
Linke Bahngasse 5/12;
hier: Erhebungen zum Hinweis
vom 15.7.1989 (Dr. RASSOUL -
BEN BELA - Wohnungsankauf).

B e r i c h t

Erhebungen bei der Notariatskanzlei Dr. Winfried KRALIK, Wien 18., Martinstraße 81 etabliert, TelNr. 48-25-48-0*, ergaben, daß tatsächlich im Dezember 1988 Dr. Fadel RASSOUL im Namen von BEN BELA (ehemaliger Ministerpräsidant von Algerien) eine Eigentumswohnung in Wien 1., Bäckerstraße Nr. 3/9 angekauft wurde, bzw. Dr. RASSOUL für die Vermittlung zuständig war. Diese Eigentumswohnung hat die Einlagezahl Nr. 57, im Grundbuch Innere Stadt (Anteil 22 + 23).

Diese Auskunft wurde von Dr. Lunzer gegeben. In welchem Verhältnis Dr. RASSOUL zu BEN BELA steht konnte nicht in Erfahrung gebracht werden.

BzI.

نەخشەو پلانە شەیتانییەکەی تێرۆری د.قاسملوو بەرهەمی ئیدە و ئەزموونی ئێرانییەکان بە هاوکاری کوردو عەرەب بووە.

پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللاو تەزویرەکانی بۆ پاکانەکردن بۆ تێرۆریستەکانی بکوژی د.قاسملوو، جاسوسییکردنەکەی بۆ ئیتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاری ینک ئاشکرا دەکەن. ئەو تەزویرانە نیشاندەدەن کە مەلا عەبدوللا دۆراوێکی سیاسیی تەواوە لە ناو زانیاری ینک و ئیتیلاعاتی سپای پاسداران بووە.

٤-نزێوەرۆی رۆژی ١٩٨٩/٧/١٢ د.قاسملووو عەبدوللا قادری لە ڤییەن چووبوونە مالی فازل رەسول لە وازاگاسە. بنبێللاش لەوێ بوو. قەراریاندا بوو کە بنبێللاش لە وتوێژەکەدا بەشدار بێ. د.قاسملوو لەمەر بەشداریی کردنی ئەوکابرا سەلەقییە رێویی ئاکارە لەو بەناو وتوێژەدا لەگەل ئازادی مێردی شارلۆت لە کاتی نێورۆژە ی ١٩٨٩/٧/١٢ی لە بەرزاییەیەکانی دەرەوەی ڤییەن قسەی کردبوو.

وەرگێردراوی دەقی راپۆرتەکەی پۆلیس لە شاری ڤییەن بۆ کڕینی ئاپارتمانێک بە قیمەتی ١٤٥٠٠٠٠ شیلینگ کە لەلایەن باڵوێزخانەی ئێرانەوە بە هۆی فازیل رەسوڵەوە بۆ بنبێللا کردرا بوو بەم جۆرەیە:

لێکۆڵینەوە لە دەفتەری تاپۆی دوکتور وینفرید کرالیک رێک خرا. ژمارە تەلەفۆنی ئەو دەفتەرە 4825480 [ە].

"لە دێسامبری ١٩٨٨ د. فازل رەسوڵ بە ناوی بنبێللا سەرۆک وەزیرانی رابردووی ئەلجەزایر ملکێکی لە ڤییەن لە مەنتیقەی یەک بەنوێنەرایەتی (بنبێللا) کە ئەو سەلاحییەتەی هەبووە (دلال بۆ کڕینی ئەو ملکە بووە کە لە شەقامی بێکر شتراسە ژمارە ٣/٩ یە. ئەو ملکە ئەمبارێکی هەیە و ژمارەکەی ٥٧ و لە کۆلکەی ناوخۆیی شاردا ژمارەی ٢٢-٢٣) دراوەتێ.

ئەم زانیارییانە لە لایەن دوکتور لونچێرەوە راگەیەندران. د.فازل رەسول لە چ پێوەندییەکدا ئەو کارەی بۆ بنبێللا کردووە نەزانراوە و رانەگەیەندراوە. ئیمزا BzI کۆدناوی پۆلیسی لێکۆڵینەوەکە.

ژمارە... پێوەندیی بابەت بە تێرۆر لەمەنتەقەی ٣ ڤییەن شەقامی لینکە بانگاسە ١٢/٥ :

لێکۆڵینەوە لە ١٩٨٩ /٧/١٥ لە دوکتور وینفرید کرالیک لە مەنتیقەی ١٨ مارتین شتراسە ژمارە٨١ شاری ڤییەن، لەسەر زانیاریی رۆژی١٩٨٩/٧/١٥ بووە.

دوو رۆژ دوای رووداوە کە پۆلیسی ڤییەن پیلانەکەی ئاشکراکردووە.

## Chapter III

## Ben Bella Accuses

✦

The day after the murder, Susanne was interrogated by the police. The police chief, Oswald Kessler, treated her with great consideration, for she was the daughter of a known member of the Socialist Party. He informed her that it had not been the Iraqis, but the Iranians, who were the perpetrators of the crime.

She knew that the Iranians had not wanted either Talabani or Ben Bella to participate in the negotiation. But no one had informed Ben Bella of this. Susanne communicated this to him, and the old Algerian fox, seasoned from so many battles, concluded that if he had been informed beforehand, he would have known that what was being prepared was an assassination.

"The police saw me at Susanne's house," Ben Bella recalled, "and I told them what I knew. They said they wanted to see me again at their office. I know the police very well. Susanne naïvely thought that they were good guys. But I felt something was going on. The head of the police is an asp, a snake. He was trying to trick her."[254]

The police tried to deceive Ben Bella: according to a recording they had, they told him, Ghassemlou had asked that he, Ben Bella, be present for the negotiations and the Iranians had refused. The police asked Ben Bella if he had been at the scene of the crime. He denied this. They asked if he spoke Persian.

"It was a trap to see if I had been present, even silently, in which case I would be an important witness. Then I said, 'Show me the recording.' They looked at each other and told me it did not exist. I exploded and said to them, 'You are accomplices of the Iranians. You hid the facts and did not detain them because they bought arms from you. I will

209

## بڕگەی سێهەم

## بن بیللا تۆمەتبار دەکا

ڕۆژێک دوای جینایەتەکە، پۆلیس بازجوویان لە سووزان کرد. سەرۆکی دایرەی پۆلیس، ئۆسوالد کیسلێر، کە بە پاریزگارییەکی تەواوەوە هەلسوکەوتی دەکرد. چونکە کچی کابرایەکی بەناوبانگی ئەندامی حیزبی سۆسیالیست بوو. پێی‌گوت پیاوکوژەکان عێراقی نەبوون و ئێرانی کە جینایەتەکەیان بەڕێوە بردوە.

سووزان دەیزانی ئێرانییەکان پێیان خۆش نەبوو نەتالەبانی نە بن بیللا لە وتووێژەکاندا بەشدار بن. سووزان ئەو شتەی بە بن‌بیللا ڕاگەیاند، ئەو کابرا پیرو وردبینە، کە بەهۆی بەشداری لە زۆرشەڕاندا بە تەواوی وشیارو دوورنواڕ بوو، گوتی ئەگەر پێشتر ئاگاداریان کردبا، زۆر باش دەیزانی ئەو بەرنامانەی داڕێژرابوون تەنیا بەمەبەستی کوشتنی چەند کەسێک بووە.

بن بیللا دەیگێڕایەوە: «پۆلیسان لە ماڵی سووزانی دیتیانمو ئەمنیش ئەو شتانەی دەم زانین پێم گوتن. پێیان گوتم دەیانەوێ لە دایرەکەی خۆشیان قسەم دەگەڵ بکەن. ئەمن پۆلیسان زۆر باش دەناسم. سووزان بەهۆی دڵپاکییەکەیەوە پێی وابوو پۆلیسەکان پیاوی باشن. بەڵام، ئەمن دەمزانی شتێک لەگۆڕێدایە. سەرۆکی پۆلیسەکان وەک ماری بێ ئیجازە بووو لە هەوڵی ئەوەدا بوو سووزانی فریو بدا».

دەیانەویست فریوی دەن: بەپێی شریتێکی تۆمار کراو، پێیان گوت قاسملوو داوای لەو. بن بیللا. کردبوو لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بێ، بەڵام، ئێرانییەکان نەیان هێشتبوو. پۆلیسەکان لێیان پرسی داخوا لەشوێنی جینایەتەکە بووە یان نا. ئەو گوتی: نا. ئەوجار لێیان پرسی داخوا دەزانێ بە فارسی قسە بکا.

مەلا عەبدوللا بۆ تەزویرکردن تاقانەیە. بڕوانە لەدەستی ڕاستدا مەلا عەبدوللا بە چ ئیبتیکارو لێزانیی‌یەک ئەو وەرگێردراوەی کاویانی تەزویر کردووە. مەلا عەبدوللا بە یەک وشە کە تەزویری کردووە مانای واقعییەتێکی ئەوجینایەتەی گۆڕیوە کە باسی کراوە.

مەلا عەبدوللا لە پاراگرافی یەک، هێڵی سێ و چوار دا نووسیویە: پیاوکوژەکان عێراقی نەبوون و ئێرانی کە جینایەتەکانیان بەڕێوە بردووە. (دەقی کوردیی ).

کارۆل پرۆن هۆبیر نووسیویە : He informed واتە her that it had not been the Iraqis, but the Iranians, who were the perpetrators of the Crime.

ئەو ئاگاداری ئەو ژنەی کرد کە: ئەوانە [ تێرۆریستەکان] عێراقی نەبوون. ئەوانەی جینایەتەکەیان کردووە،ئێرانیی‌یەکان بوون.

مەلا ئەو تەزویرەی بە جۆرێک کردووە کە خوێنەری کورد نەزانێ ئێران ئەو جینایەتەی کردووە. مەلا دەڵی:" پیاوکوژەکان عێراقی‌نەبوون و ئێرانی کە جینایەتەکەیان بەڕێوە بردووە." واتە نە عیراقی بوون و نە ئێرانیی. هەڵدەگرێ کە مەلا عەبدوللا ئەو تەزویرە دەگمەنانەی خۆی بە تیمەکەی و شاگردە گوێڕاوەکانی" تەنزیمە تەزویریی‌یەکەی " حدک " فێربکا.

کارۆل نووسیوە: ئەو [ دوکتۆر ئۆسوالد کێسلێر – نووسەر ] بە ئەو واتە [ سوزانەی ژنی فازل]ی گوت: ئەوە عیراقیی‌یەکان نەبوون بەلکو ئێرانیی‌یەکان بوون کە جینایەتەکەیان بەڕێوە بردووە.

پاراگرافی ٢ و ٣لاپەرەی ٢٠٩ دەقە ئینگلیزیی‌یەکە وپاراگرافی ٢و ٣ی لاپەرەی ٢٣٢ دەقەکوردیی‌یەکە کە لەهەمبەر یەکترداندراون.

دەقە وەرگێردراوەکە بە کوردی، ئاشکرای دەکا کە ژنەکەی فازل لەتەواوی وردەکاریی‌یەکانی تێرۆرەکە ئاگادار بووە، بەڵام لە وتووێژەکەیدا لەگەل کارۆل تەنیاواقعییەتێکی ئاشکراکردووە. ئەویش ئەوەیە کە ڕەسوڵی مێردی لەو بەینەدا دوو دەوری جیاوازی گێراوە. لەلایەک ماڵێکی لە لایەن باڵوێزخانەوە بۆ بنبێللا کڕیبوو بۆ ئەوە متمانە بدا بە د.قاسملوو کە ئەویش لە وتوێژەکەدا بەشدار دەبێ. لە لایەکی دیکەوە بە وتەی ژنەکەی فازل بە ویستی ئێرانیی‌یەکان جولاوەتەوە و لە ڕۆژی ١٣ /٧/ ١٩٨٩ بنبێللای ئاگادار کردووە کە وتووێژەکە هەڵوەشاوە ڕاگەیەندراوە یان بۆ ڕۆژێکی دیکە وەدواخراوە. یان حاڵەتی سێهەم ئەوە بووە کە ئەو " ڕێیەرە فێڵبازە زانیبووی ئەوە داوە بۆ کوشتنی د.قاسملوو، لەچوونە ناو ئەو داوە چاوپۆشیی کردبوو.

فازل نەیزانیبو کە ئەو بڕیارەی ئاخری تێرۆریستەکان کە لە تارانەوە شەوی ١٢ لەسەر سێزدە پێیان ڕاگەیاندرابوو بە مانای دانی دەستوری کوشتنی فازل ڕەسولیش لەو پلانەدا بووە.

سوزانەڕەسول لە لای کارۆل باسی لەکرینی ئاپارتمانەکە بۆ بنبێللا نەکردبوو. ئەو وتانەی سوزانە کاتێک بە بە بنبێللا گوترا بوو کە تێرۆرەکە کرابوو. لێرەدا مەلا عەبدوللا تەزوێرێکی دیکەشی بۆ ئەو سەلەفیی‌یە جینایەتخولقێنە کردووە. کارۆل لە هێڵی سێ و چوار و پێنج ...دا بەوجۆرە بنبێللای پێناسەکردووە ونووسیویە:

The old Algerian fox, seasoned from so many battles, concluded that if he had been informed beforehand, he would have known that what was being prepared was an assassination.

وەرگێڕدراوی ئەو چەند رستەیە بەم جۆرەیە: ئەو رێویە پێرە ئەلجەزایریی‌یە  کە کلکی لە زۆرشەراندا پسابوو گوتی:  ئەگەر پێشتر لەوە ئاگاداریان کردبایە  دەیزانی کە ئەوپیلانە بۆ رێکخستنی تێرۆرێک بووە.

رەسوی نادریی گوتەنیی: مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە، رەشەجۆشەکەی هەر بە تەنیا بۆ صحرارودی نەبووە، ئەو رەشە جۆشەی بۆ بنبێللاش هەبووە. پاراگرافی ٢ و ٣ لاپەڕەی٢٣٢ کوردیی  و ٢٠٩ دەقە ئینگلیزیی‌یەکەلە هەمبەر یەکترداندراون  پروانە  و تەزویرێکی دیکەی  مەلا عەبدوللا ببینە!

مەلا عەبدوللای حەسەن‌زادە ئەو دێرەی کارۆلی بەو جۆرە تەزویر کردووە  و نووسیویە : ئەو کابرا پیرو ورد بینە  لە زۆر شەراندا بە تەواوی وشیار و دوورنوار بوو گوتی: ئەگەر پێشتر ئاگاداریان کردبا، زۆرباش دەیزانی ئەو بەرنامانە  تەنیا بۆ مەبەستی کوشتنی چەند کەسێک بووە.

ئەو وتانەی کە لە زمانی بنبێللاوە نووسراون راست نەبوون. بن بێللا و د.قاسملوو، رۆژی پێش تێرۆرەکە واتە رۆژی  چوارشەممە ١٢ /١٩٨٩/٧ ) چووبوونە مالی فازل رەسول. لەو دیدارەدا د.قاسملوو دلنیا کرابوو کە بنبێللاش لە وتوێژی رۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ بەشدار دەبێ. بەلام  "پیرە رێوی ئەلجەزایریی" کە مزەی خۆفرۆشیی‌یەکەی  (آپارتمانێک ) لە کۆماری ئیسلامیی وەرگرتبوو، لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٣ /٧/ بەشدار نەبووە. لێرەدا دووئیحتیمال هەیە: یەکەم بنبێللا دەیزانی کە پلانی کوشتنی د.قاسملووو قادری ئازەر بەرێوەدەچێ و دەلوێ ئەویش بکوژن. لەبەرئەوە رێویە پیرەی ئەلجەزایریی بۆ کشتارگەکەی رەسول و رێناتە نەچوو بوو.  ئیحتیمالی دووهەم ئەوەیە کە، لە لایەن رەسوڵەوە  یان صحرارودیی‌یەوە پێی‌راگەیاندرابێ کە رۆژی ١٣ کۆبوونەکە ناکرێ و بۆ رۆژێکی دیکە وەدوا دەخرێ... یا درۆیەکی لەو بابەتە...

بنبێللا لەسەردەمی سەرۆک کۆماریی بەنی سەدردا وەکو فازل ببوو بە حیزبوللاهیی‌یەکی توخ. بروانە وتەکەی بنی‌صدر لەمەربنبێللاو توانەوەی لە ویلایەتی فەقیەدا. پێشتر لەم لێکۆلینەوەیەدا خراوەتە بەرچاوی خوێنەر.ئیحتیمالی یەکەم  بە هێزترە، چونکە بنبێللا لە دوای تێرۆرەکان و کوشتنی فازل بەزمانی فەرەنسیی تازیەنامەیەکی نووسیوە کە تەنیا شیعەیەکی وەک مەلا عەبدللا دەتوانێ  بە درۆ بۆ شەهیدانی دەشتی کەربەلا بلۆرێتەوە و پێیاندا هەلبلێ. بروانە  بولتن "   ئەنستیتو کورد ، پاریس ژمارەی تایبەتیی  ژوئیە – ئوت، بە زمانی فەرەنسیی.

کاتێ کە بنبێللاا لە پیلانێکی ئاوادا بەشداریی‌دەکا، دەزانێ کە ئەو ئاپارتمانەی کە  لە لایەن کۆماری ئیسلامیی یەوە بە قیمەتی یەک ملیۆن و چوارسەت و پەنجاهەزار شلینگ لە ڤییەن بۆی کڕدراوە، بابەتی کارێکە کە دەبێ بیکا، پیلانێکە کە دەبێ بەڕێوەی ببا. ئەو پیلانە بۆ رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ نێو تەلەی مەرگ بووە. ئەو" رێویە پیرە" بۆئەوە کلکی بە تەلەوە نەبێ، دەبوو هەرەشە لە د.ئۆسوالد کێسلێری سەرۆکی دژەتێرۆری ئوتریش بکا کە لە ساتەکانی یەکەمی تێرۆرەکەداو لە شوێنی تێرۆرەکە چاوی بە شوێنی جینایەتەکە کەوتبوو، برینی باسکی صحرارودی بە چاوی خۆی دیتبوو کە ئاکامی وێکەوتنی [ گوللەیەکی وێلەکیی بووە. گوللەی هاوێژراوی دەمانچەی صحرارودی کە بۆ کوشتنی د.قاسملوو لە  زۆر نزیکەوە روو بە د.قاسملوو تەقاندبووی، دوای پێکانی لە لەشی وەدەر کەو تبوو، دوو جار وە دوو لایەنی دێواری ئۆدەکە کەوتبوو، بۆ جاری سێهەم وەباسکی چەپی صحرارودی درابوو، باسکی کوناودیوکردبوو، بەسێنگی‌دا بەرەو لاملی  و قورگی خوشیبوو، لەگەروویەوە تا ناو زاری کشابوو و لەسەرزمانی ئۆقرەی گرتبوو. قورقوشمی ساردەوە بوو لە ناو زاری‌دا هاواری کردبوو " ئەو خوێنەی دەم و  پل و دەستی ئەم جینایەتکارەی سورکردووە هاواری منە و دەڵێم : شاهیدی خامۆشی ئەو جینایەتە منم. منم کە پیلانی جینایەتکاران ئاشکرادەکەم، کار ناس و پسپۆری چەک هاوێژیی و کارناسی چەک و شوێنەواری گوولله دنەبهەە مە ئەم ئۆدەیە و واقعییەتەکەلە زمانی منەوە دە نوسن. ئەوان ئەوزمانەی من پێی دەپەیڤم ناس دەکەن. ...

جینایەتکار بەرنامەی دارێژراوی ڕاکردنەکەی لێ تێک چوو. اجوادی و بزرگیان چووبوونە باڵوێزخانە  و واقعییەتەکەیان ئاشکراکرد بوو. اجوای رایکردبوو و بزرگیان ناردرابۆوە  بۆ لای صحرارودیی...  د.کێسلێری، پسپۆری کارامەی مافناسی بە ئەزموون، درۆکانی  ئەو مرۆڤکوژە و هاودەستەکەی گوێ لێ‌ببوو،  وێنەی شوێنەکەی گرتبوو، چاوی بە شوێنی قاپوورە فیشەکان و تەرمی  کەسایەتیی‌یە ناودارەکەی کورد،            د. قاسملوو کەوتبوو، دیتبووی کە  گوللەکان لە کوێوە هاوێژرابوون و قاپوورەکانیان لە کوێ کەوتبوون. مەودای پووکەکان و تەرمی تێرۆرکراوەکانی ئەندازە گرت. زانیبووی کە یەک لەبەشدارانی ئەوجینایەتە رای کردبوو. دوکتور کێسلێر دوای ئاگادار کردنی کارگێرانی بالوێزخانەی ئێران بۆهاتنیان بۆ  شوێنی جینایەتەکە کە تەنیا رێگەی ٧ دەقیقەی پیادە رێ بوو، دوای هاتنیان رۆی تێکردبوون و بە تووڕەیی‌یەوە تێی‌ڕاخوڕیبوون و گوتبووی: جینایەتەکە کاری هاوکارەکانتانە، ئێوە کردووتانە، بەلام سیاسەت بریاردەرە. بۆی ئاشکرابوو کە  هاندەری پلاندارێژان بۆ ئەو جینایەتە مەبەستی سیاسیی بووە.

بن‌بێللای  هاودەستی جینایەتکاران لە پرس و جۆکەی د.ئۆسواڵد کێسلێر دا زانبووی دەستی  روو کراوە. بۆ راکردن لە لێکۆلینەوە و خۆدەربازکردن نەڕاندبووی و د. کێسلێری  بە " کەلەگا" ناودێرکردبوو. پێشنیاری چوونی بۆ لێکۆلینەوەی پۆلیس پشت گوێ خستبوو، دەم و دەست لە ڤییەن رای‌کردبوو. دەسال دواتر وەکو  مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە (حەییاکیی)بۆ هاوکارە حیزبوللایی‌یەکەی ( فازل رەسول ) کروزابۆوە و  پاکانەی بۆکردبوو. بەشێک لە زانیاریی‌یەکانی پەروەندەکەی کە لە لایەن  کوردەوە پێی‌دابوون  بۆ کارۆل پرۆن هوبێر باس کردبوو. بەشێکیش  لەوزانیاریی‌یانەی بنبێلاش کە بە کارۆلی گوتبوو لە لایەن مەلا عەبدوللای حەسەن‌زادە و لە پێداچوونەوەکەی‌دا تەزویر کراون.

مەلا عەبدوللا خەتەکانی ٣٦ و ٢٧ لاپەڕەی ٢١٠ ی دەقە  ئینگلیزیی‌یەکە لە پێداچوونەوەکەی دا  سانسۆرکردوون".

You have to know the revolution. They act under the reality of power; the passdaran are the power.

تۆ ناچاری شۆرش بناسی. ئەوان لەژێرکاردانەوەی دەسەلاتدا کار دەکەن، پاسداران دەسەڵاتن.

لەپێداچوونــەوەی حســـنزادە تەرجەمــەی ئــەو وتانــەی بنبــێللا لەســـەر د.قاســـملوو گــۆڕدراون. بروانــە ئــاخر ســێ‌هێلی لاپــەرەی ٢١٠ و دوو هێلی لاپەرەی ٢١١ی دەقە ئینگلیزییەکە:

Ghassemlou was a man of an entirely different stature and standing from Jalal Talabani. He had this as an image: He was a good and honest man. He was an important man.

مانــای ئــەو دوو هێلــە ئینگلیزییــەش لەگــەڵ پێداچوونــەوە ســـەقەتکراوەکەی حســـنزادەدا بخوێنـــەوە! وەرگێردراوەکــە بــە کــوردیی بــەم جۆرەیە:

"قاســـملوو کەســـایەتییەکی خـــاوەن پرســـتیژی بـــە تـــەواوی جیـــاواز لـــە جـــەلال تالـــەبانیی بـــوو." ئـــەو خـــاوەنی وێنەیـــەکی ئـــەو تـــۆ بـــوو: مرۆڤێکی باش و دروستکاربوو. ئەو گرینگ بوو.

حســـنزادە وەرگێردراوەکــەی بــەو شــکلە دەرهێنــاوە و نووســیویە: "قاســـملوو و جــەلال تالبــانی دوو کەســایەتی تــەواو جیــاواز بــوون. قاســـملوو ئەو شتانەی وەک وێنەیەک لە خۆیدا دەدیتن: "پیاوێکی باش و شەرافەتمەندو پایە بەرز بوو".

ســـەرنجی ماناکــەی بــدە! مــەلا عەبــدوللا حەســـەنزادە (حەیباکیی)ئــەو پەســـنانەی لــە زمــان د.قاســـملووەوە بــۆ د.قاســـملوو نووســـیوە. ئەوەی کە خەتی لەژێردا کێشراوە تەزویرکراوە.

بنی‌صدرو تێرۆری د.قاسملوو

بنی‌صــدر ســـەرکۆماری پێشـــتری ئێـــران لـــە وتـــووێژ لەگـــەل نووســـەری خولیـــاو مـــەرگی رەحمـــانی کـــورد خولیـــای کوردســـتانداگوتبووی : " پێمســـەیر بـــوو کـــە قاســـملوو لەگـــەل ئـــەو تاقمـــە بـــێ فەرهەنگـــە وتـــوێژی کردبـــوو. ئەوانـــە بـــێ قیمـــەت بـــوون. بـــەلام سوزان[ســـوزانە] پێی‌گـــوتم کە قاسملوو ماندوو ببوو، بۆیە داوای وتووێژی دەکرد و رێگە چارەیەکی دەویست.

ئـەو وتەیـەی ســوزانە راســت نیـیـە. تالـەبانیی رێکخـەرو پێشــنیاردەرو پلانـداڕێژ و راپۆرتنووســی ســەرەتای کارەکـە بـۆ بـەناو وتووێژەکـەبووە. ئەوبەشە دواتر بە بەڵگەوە دەخرێتە بەرچاو.

لـێم پرســی بـۆ رەسـول لـە بـارەی ئێرانییەکانـەوە لـە منـی پرسـیار نـەکرد. ســوزانە گـوتی: رەسـول لـە هـەردوو لاوە لـەژێر گوشــاردابوو. ئەگـەر شـتێکی درکانـدبا بـە خەیانـەت تاوانبـار دەکـرا. سـوزانە لـە درێـژەی وتـەکانی‌دا دەڵـێ:" گومـانم لـەوەدا نیـیـە کـە رفسـنجانی فـەرمانی دابوو. ئەوە وەزارەتی دەرەوە بوو کە هەموو کارکەی رێکخستبوو، ئەو وەزارەتخانەیەش لە ژێردەستی رفسنجانی‌دابوو. "

لەو وتانەی بنی‌صدردا ئەگەر کارۆل بە باشی رایگواستبێ چەند خاڵی سەرنجراکێش هەیە:

١- لەمـەڕ ئامـادەبوونی د.قاســملوو بـۆ وتـوێژ لەگـەل ئـەو "بێ‌فەرهەنگانـە"، پێویســتە وەبیـر ســەرۆک کۆمـاری پێشــووی ئێـران بێنینـەوە کـە لە کاتی سەرۆک کۆماریی ئەوەوە بناخەی وتووێژی حدکاو دەوڵەتی ئێران دارێژرا و وتوێژەکانیش دەستیان پێکرد.

٢-لایـەنی زۆربـە شـۆق و بـە پەلـە بـۆ وتـووێژ تـەنیا تالـەبانیی بـوو. هـەرکاتێ دەهاتـە دەفتـەری حـدکا دەیگـوت: د.قاســملوو منـی بـردە بەغـدا رێک نەکەوتین. بەلام من دەیبەمە تاران... پێشنیاردەری وتووێژەکە لە سەرەتاوە تائاخر تالەبانیی بوو نە د.قاسملو.

٣ -کومیتەی ناوەندیی حدکا بریاری وتووێژی لەگەل ئێران دابوو.

٤ -ئـەو " بـێ فەرهەنگانـە" لـە لایـەن جـەلال تالـەبانیی‌یـەوە بـە نـاوی "نوێنـەری سـەرۆک کۆمـار ( رفسـنجانی)و نوێنـەری نیزامـی جمهـوریی ئیسـلامیی بـە د.قاســملوو ناســێندرابون . د.قاســملوو لــە کــوێ دەبــوو بزانــێ ســـەرۆکی ئــەو "بــێ فەرهەنگانــە" تێرۆریســـت، ئەنــدامی ئیتتیلاعـــاتی ســـپای پاســـداران و نیشـــتەجێی یاخســـەمەر بـــووە.( یاخســـەمەر ناوەنـــدی مەکتـــەبی سیاســـیی ینـــک و شـــوێنی ژینـــی تالەبانیی لە چەند کیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکابوو.)

٥ -بەنی‌ســەدر لــە وتووێژێکـدا کــە لەگـەل نووســەری کتێبــی خولیــاو مــەرگی قاســملووی‌کوردی کــردووە رایگەیانــدووە کــە: ئــەو لــە پلانــی تێرۆری د.قاسملوو و کوشتنی فازل رەسول پێش ئەوە کە بکرێ ئاگادار ببوو.

بنی صدر دەڵێ:" لە ئێرانەوە ئێمە ئاگادار کراین کە لە نێو پاسدارەکاندا سەبارەت بە تێرۆرەکە بەر لەوە کە بکرێ باس کرابوو. یەکێک پرسی بووی " بۆچی رەسوڵ"؟ محسن رضائی (فەرماندەری سپای پاسداران)وەلامی دابۆوە کە رەسوڵ "منافق" واتە[ دوو روو]ە و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن( دژبەرانی سیاسیی) دژی رەفسەنجانی کاری کردووە کە مەبەستی من و مونتەزیریی [کەسانی دیکەش ] بووە. لاپەرەی ٢٣٦.

لە کۆتایی ئەو بەشەدا ماناکردنەوەی ئەوچەند دێرە ئینگلیزییەیە بە کوردیی بەو شێوەیەی کە لە پێداچوونەوەی کتێبەکەدا دەبیندرێ سەرنجی راکێشام.

In the French capital, Fatosh prepared the hall at the Kurdish Institute where the vigil was to be held.

مانای ئەو چەند دێرە بە کوردیی ئەوەیە: لە پێتەختی فەرەنسە، فاتۆش[ هاوژینەکەی یلماز گونێی، فیلمسازی بەناوودەنگی کورد کە مەلا عەبدوللا زۆری ناخۆش ویستبووە لە هەرجێیەک باسی فاتوش و یلمازکراوە یا قرتاندوونی یان تێکەل و پێکەلی کردوون.] ە فاتوش هاڵەکەی ئەنستیتۆی کوردی ئامادەکردبوو بۆ ئەوە رێو رەسمی "دۆعا خوانیی" [ لە ئایینی عیسا مەسیحدا] بەرێوە بچێ.

لە پێداچوونەوەکەی حسەنزادەدا ئەو دێرە بەم شێوەیە نووسراوە:" لە پێتەختی فەرەنسە، فاتووشFatosh هاڵەکەی ئەنستیتۆوی کوردی ئامادە کردبوو، بۆ ئەوەی ڕێورەسمی ئەو شەوە پیرۆزەی تێدا بگیرێ.

شەوی عەزا شەوێکی شوومە نە پیرۆز. لەو شەوەدا بنەماڵەی مردوو خەمبارن. ئەو شەوە یان ئەو رۆژە بۆ سوالکەرو مردووشۆرو ئاخوندی شیعە و مەلای کورد و سەرسواڵکەران کە زگێک دەلەوەڕێن و پەرەیەکیان دەست دەکەوێ" پیرۆزە.

وشەی vigil بە مانای شەونخونی، رێورەسمی دۆعاخوێندنە بۆ مردوو، خەم و خەفەتی لەدەستدانی ئازیزە. مانای پیرۆز بۆ ئەو وشەیە قاموس نەیگرتووە .

لاپەرەی ٢١٣ ( لە پێداچوونەوە ٢٣٨ . مەلا عەبداللە وشەی Silencer کە بە مانای دەنگبرە بە گوللەی بێدەنگ نووسیوە.

گوللەی بێدەنگ وجودی نییە. مانای ئەو وشەیە دەنگبرە و بە فارسیی "صداخفەکن"ی پێدەگوترێ.

لاپەرەی ٢١٧ ئینگلیزیی و ٢٤٠ وەرگێردراوەکەی بە کوردیی

Abdul Rahman Ghassemlou `s murder was the culmination of a long hunt for Kurdish leader by Islamic Republic.

کوژرانی دوکتور قاسملوو، کۆتایی هاتنی راوە دوونانێکی دوورو درێژ بوو کە زۆر لەمێژ بوو بۆ کوشتنی وی وەرێخرابو.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەیپاکیی) لە پێداچوونەوەی وەرگێردراوی دەقەکوردیی‌یەکەی لاپەڕەی ٢٤٠ کتێبی خولیاو مەرگی قاسملووی کورددا ئەو بەشە زەرد کراوەی کە لەبەرچاوە و خەتی لەژێرەکەی دا کێشراوە واتە )"لەلایەن کۆماری ئیسلامیی‌یەوە(" by Islamic Republicسانسۆری کردووە ..

بەڵام پێویستە بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر هەلوێستی مەلا عەبدوللا و رەشە جۆشەکانی بۆ د.قاسملوو و پروپاگەندەکانی لە مێدیای کوردیی لە باشووری کوردستان نووسراوەیەکی هاوکارێکی مەلا عەبدوللا لەژێر ناوی یادگاو سەردێری " دەردی دڵێک لەگەل عەبدوللای حەسەنزادە ... یادگار کە لە ٢٠٠٦/١٠/٣٠ لە سایتی www.kurdistannet.org دا بڵاو کرابۆوە و دەقەکەی لە لای خاوەنی ئەم لێکۆلینەوەیە پارێزراوە و پێوەندیی تەواوی بە پێداچوونەوەی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کوردو تەزویرو ئەخلاقیات و ئاخوند ناسیی نووسەرەکەیەوە هەیە و نووسەر خۆی شاهیدی زیندووی رووداوەکانی ئەو بابەتە و هەڵسو کەوتی مەلا عەبدوللا بووە بخرێتە بەرچاوی خوێنەر. بروانە ئەو لینکە[8] یان کرتەبکە بۆ ئێرەو ئێرە و Ctrlدابگرە !

After the strategy faild to kill him in the mountains, it was sevral years befor the Iranians prepared another trap.

لەو وەرگێڕان و پێداچوونەوەیەشدا ناوی ئێرانیی‌یەکان سانسۆر کراوە. دەقی وەرگێردراوەکە بەم جۆرەیە:" پاش ئەوەی ستراتێژی رژیم بۆ کوشتنی [ د.قاسملوو ] لە چیاکاندا بە هیچ کوێ نەگەیشت، چەند ساڵێکی خایاند هەتا توانیان داوێکی‌دیکەی بۆ دابنێنەوە. سەرچاوەکان بریتین لە::

ئەو دێرەش لە پێداچوونەوەکەی حسەنزادەدا گۆردراوە( لاپەرەی ٢١٧ پاراگرافی ٢

In the summer of 1986 , Jalal Talabani passed by Ghassemlou's daftar in Iraqi Kurdistan.

مانای ئەودێرەی سەرەوە بە کوردیی ئەوەیە: جەلال تالەبانیی لە هاوینی ١٩٨٦ بە نزێک دەفتەری دوکتور قاسملوودا رابرد

حسەنزادە ئەو دێرەی بەم جۆرە گۆڕیوە و ناوی جەلال تالەبانیی‌لێ‌لابردووە و نووسیویە:

".هاوینی سالی ١٩٨٦ بە نزیک دەفتەری سیاسیی قاسملوو لە کوردستانی عێراقدا رابردم"

----------------------

ڕاپۆرتەکانی پۆلیس ل. ٢١٣ و ٢١٤ بەرامبەر بە ٢٣٧ لە دەقە کوردیی‌یەکەدا

8 http://kurdistannet.org/arshif/biz/2006/10-2006/10-2006.htm

لاپەرەی ٢١٤ ئەو سێ خەتە سەبارەت بە ئاشکرا کردنی درۆی صحرارودی لە گێرانەوەی روداوی تەقەکردنەکەیە کە لە لایەن مەلا عەبدوللا حەسەنزادە وە سانسۆری کراوە.

An other telling feature is the use of silencers, which assures short- range shooting precision. The positions of the projectiles show clearly that they were not fired from the area close to the door

گێرانەوەیەکی دیکە، تایبەتمەندیی کە ڵک وەرگرتن لە دەنگبرەکانە. دەنگبرەکان لە تەقەکردندا بەروونیی نیشانی دەدەن کە لە نزیک دەرگاکەوە نە تەقێندرابوون.

لاپەرەی ٢١٤ پاراگرافی پێنج دەقە ئینگلیزییەکە و ٢٣٨ پاراگرافی شەش. باس لە گوللەیەکە کە وەباسکی چەپی صحرارودی کەوتبوو دەکا. گوللەیەکی وێلەکیی کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی)هەر دەرفەتێکی کە بۆی هەڵکەوتووە قۆزتوویەتەوە وبۆ چەواشە کردنی واقعییەت و پاکانە کردن بۆ صحرارودی تەزویری کردووە. لە لاپەڕەی ٢١٤ و پاراگرافی پێنجدا نووسراوە:

Sahrarudi was wounded by only one bullet. It penetrated his left arm, traveled through the right side of his back, up his neck into his mouth, and then was lost.Sahrarudi offered his left side to the gunman and probably extended his left arm.His position in the crime scence cannot be reconstructed.

ئەوە نەزەری پزیشکیی قانوونییە. ئەوە بەڵگەی بەدرۆخستنەوەی صحرارودیی و هەموو ئەوانەیە کە هەولیاندا بیسەلمێنن کە دوو تیم لە تێرۆری د.قاسملوودا بەشدار بوون، بۆ ئەوە پاکانە بۆ صحرارودی بکەن . بەڵگەی رەتکردنەوەی پروپاگەندەی لایەنگرانی کوردی سەر بە رژیمی کۆماری ئیسلامییە.بەتاڵ راگەیاندنی پرۆ پاگەندەی چەواشەکەرانە کە ئێدديعايان کرد صحرارودی بە گوللەی د.قاسملوو بریندار بووە. هەروەها دۆزرانەوەی ئالقەی بزرکراوی هاودەستێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانە. ئەوەی کە کارۆل نووسیویە راپۆرتی دوو پۆلیسە لەسەر شوێنی تێرۆرەکە و چەکەکان و دەنگبڕەکانی کەڵکوەرگیراوو شوێنی تەقاندنی گووللەکان و ژمارەی جینایەتکارانێک کە تەقەیان لە د.قاسملوو عەبداللە قادریی کردبوو.... لەو چەند هێلەی سەرەوە کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە کوردییەکەیدا چووەتەوە هەولیداوە پاکانەیەک بۆ صحرارودی بکا.

شرۆڤەی چۆنێتیی بریندار بوونی صحرارودی ژمارەی گوللە تەقێندراوەکان بۆ بەشی دادیی لێکۆلینەوەکە هەڵدەگرین. خاتو کارۆل پرۆن هۆیێریش لە نامەیەکدا ئەو پرسیارەی کردبوو . هەوڵ دەدەین لە بەشی دەهەمی لێکۆلینەوەکە واقعییەتی مەسەلەکە بخەینە بەرنەزەری خاتوکارۆل پرۆن هۆیێر و خوێنەرانی بەرێزی کورد.

وەرگێردراوە کوردییەکە دەبی بەم شێوەیە بێ: صحرارودی بە تاقە گوللەیەک بریندار ببوو. ئەو گوللەیە باسکی چەپی کون کردبوو، لە لای راستی وەدەرکەوتبوو بەرەو ژوور تا ناو زاری هەڵکشا بوو و لەوێ بزرببوو.[ مانگێک دواتر لەلایەن تیمێکی لێکۆلەروە قورقوشمەکەیان لە ناو گولدانێکی ناو ئۆدەکەدا دۆزیبۆوە~ نووسەر.] صحرارودی تەنیشتی چەپی روو لە چەکدارەکە کرد رەنگە باسکی چەپی بۆ لای درێژ کردبێ. جێگەی ئەو لەسەر شانۆی جینایەتەکە نەخراوەتەوە سەریەک.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بەتوناکردنی یەک دێر پاکانەی بۆ صحرارودی کردووە و گوتوویە:" سەحراروودی تەنیا گوللەیەکی وێ کەوتبوو.گوللەکە باسکی چەپی کون کردبوو،بە پشتەوەیدا هەڵکشابوو وەملی کەوتبوو. لە زاری دەرپەریبوو. نەش زانراوە لەوێرا بۆ کوێ چووە کە لە کەلەکەی چەپەی سەحرارودی رووبەرووی کابرای تەقەکەر بووە و رەنگە باسکی چەپی بۆلای وێ راگرتبێ. هەتا ئێستا ئەوە روون نەبووەتەوە کە لەسەرەتای دەستپێکردنی جینایەتەکە لە کوێ بووە.

وەکو دەبینن حەسەنزادە بەو دێرەی کە نووسیویە صحرارودی لە شوێنی جینایەتەکە وەلابردووە .

!مەلا عەبدوللا هەروەهالە لاپەرەی ٢١٤دا چوار خەتی پاراگرافی ٦ی قرتاندووە کرتە بۆ ئێرە بکەو کۆنترۆل داگرە!

ئەوەش ئەو تەزویرەیە کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی)لە کوردییەکەدا کردوویە.

Another telling feature is the use of seilencers, which assures only short _ range shooting precision. The position of the projectiles show clearly that they were not fired from the area close to the door.

تایبەتمەندییەکی دەزگای دەنگبر( صداخفەکن) ئەوەیە کە لە کارپێکردنیدا ئەوە دەسەلمێنێ کە لە نزیکەوە ئەو چەکە تەقێندراوە. شوێنی ئەو لایەی کە تەقەکە لەوێوەکراوە بە روونی پێمان دەڵی کە گووللەکان لە نزیک دەرگاکەوە نەتەقێندرابوون،

ئەو دوو بەلگەیە هیچ دەرفەتێکیان بۆ مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (نە هێشتووەنەوە کە بتوانێ پاکانە بۆ صحرارودی و اجوادی بکا و شک و گومان بخولقێنێ و بڵی صحرارودی و اجوادی راستەوخۆ دەستیان لە تێرۆری د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەردا نەبووە.

هێچ زانیارییەک لە دەست دانییە کە نێشان بدا فازل رەسول ئاگاداری بنیێللای کردبێ لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار نەبێ.

٢ -پاراگرافی ٣ پۆلیسەکان لەگەل دوو برای فازل، بوون نە یەک. هێلی دواتر دوای وشەی کاتێک "ئەو واتە ژنەکەی" قرتاوە.

٣ -بنبێللا بە دەلیلی ئەوە کە فازل مالێکی میلیۆن و چوارسەدو پەنجا هەزار شیلینگیی بۆ بەشداریی لە بەفریوبردنی کوردەکان پێگەیاندبوو لەو رووەوە ئەوەندەی بۆی کراوە پێیدا هەڵگوتووە و حسن‌زادەش ئەوەندەی دیکە فووی داوە.بۆ وێنە:

Benbella , Rasul was a pure being, who had the quality of reflection.

بنبێلا : رەسول وجودێکی پاک و لەوکەسانە بوو کە هەستیارن.

بەلام مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە (حەییاکیی)لە زمانی بنبێللاوە نووسیویە : رەسول" کابرایەکی یەکجار پاک و بێ فرو فێل و یەکجار دوور نوار بوو.

بەنی سەدر: وەک دۆستێک و کابرایەکی یەکجار بە فەرهەنگ چاوی لە فازل دەکرد." کە راوێژکاری نزیکی بەنی سەدر بوو. رەسولی وەک پیاوێکی قورس و قایم و دلپاک دەناسی و ببوو بە قوربانیی دڵپاکییەکەی.

ئەوەندەی کە بنبێللا درۆی کردووە ئەوەندەشی بە زمانی بەنی سەدرەوە هەلبەستووە و مەلا عەبدوولا دە هێندەی بەستە لە سەرداناوە ...

جەلال تالەبانیی گوتوویە: فازل رەسول نوێنەری ئەو بووە لە لای بەنی سەدر.

بەلام ئازاد مێردی شارلۆتە لەهەموانی باشتر ناسیبوو و ئەزمونی خۆی لە جاسوس بوونی ئەو کابرایە کاتێک بە د.قاسملوو راگەیاندبوکە بەرەو کوشتارگەکەی بردبوو.

کارۆل لە پاراگرافی ٧ لاپەرەی ٢٠٢ دا نووسیبوی:

But in certain way his name is associated with the shadow of treason and the crime.

بەلام بە شێوەیەکی تایبەتی ناوەکەی تێکەلی تارمایی خەیانەت و جینیاەت بوو.

مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە (حەییاکیی)وشەی treason واتە وشەی" خەیانەتی " قرتاندووە.

لاپەڕەی ٢٠٣ دەقە ئینگلیزیی‌یەکە پاراگرافی ٣ و هێلی ٣ باسی فازل رەسولە کە لە قەولی تالەبانیی یەوە ئەو دێرە لەلایەن مەلاوە قرتێندراوە.

He was thrown out of student organization.

ئەو( فازل) لە رێکخراوەی خوێندکاران وەدەر نرابوو.

مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە لە پێداچوونەوەی ئەو کتێبەی کارۆلدا هەوڵی‌داوە واقعییەتی جینایەتەکە و دەوری جینایەتکاران بشارێتەوە. بروانە ٣٣٢ سەرچاوەی وەرگێردراوی ئەو کتێبە کە لە پێداچوونەوەکەیدا سانسۆری کردوون. ئەگەر ویستبێتی ئاماژە بە سەرچاوەیەک بکا لە پەراوێزدا تەزویری کردووە و بێ ئەوە ئیشارە بە ژمارە کەی بکا کە لەئاخردا شەرحە ناتەواوەکەی گۆریوە و نووسیویەتی. سەیرتر لە هەموو ئەوانە موتوربەکردنی بابەتگەلێکە کە مەلا عەبدوللا بۆ دیفاعکردن لە کەس یان کەسانێک کردوونی کە لەخزمەتی کۆماری ئیسلامیی و هاودەستانی تێرۆریستان‌دابوون. بۆ نموونە بروانە ئەو لینکە و پەراوێزی لاپەرەکە.

مەلا عەبداللە لە لاپەرەی ٢٣٢ پاراگرافی ٢ لە دەقەکوردیی‌یەکە دا نووسیویە:" جەلال تالەبانیی مالەکەی خۆی بۆ دووهەمین دەوری وتوێژی قاسملوو لەگەل ئێرانی‌یەکان تەرخان کردبوو .

ئەوەی مەلا نووسیویە راست نی‌یە.فێڵی لە خوێنەرکردووە وبۆ شوێنەونکێ ئادرەسی هەلەی داوە. لە دەقە ئینگلیزیی‌یەکەدا ئەو بابەتە ئاوا نووسراوە: لاپەرەەی ٢٠٤:

Talabani had used Rassul's house for one of the second of rounds of Ghassemlou's first negotiation with the Iranian.

لێرەدا مەلا عەبدوللا حسن‌زادە، جەلال تالەبانیی لە ڤییەن کردووەتە خاوەنی ماڵێک کە وتووێژەکەی لێکرابوو. ناوبراو بە یەک وشە، تەواوی بابەتەکەی گۆریوە.

کارۆل نووسیویە: جەلال تالەبانیی لە مالەکەی رەسول دا لە دووهەمین‌دەوری قۆناخی یەکەمی وتوویژ لەگەڵ ئێرانیی‌یەکان کەلکی وەرگرتبوو. بەلام مەلا وشەی ماڵەکەی رەسولی لە دەقەکوردیی‌یەکەدا قرتاندووە.

درێژەی ئەو لێکۆلینەوەیە لە ژمارەی دادێدا بخوێنەوە،

١٢ ئۆکتۆبری ٢٠١٥